Artuklu Kurdology
e-ISSN: 3062-0236
(19) March 2025

# پەراوێزخستنی ژنان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا

# Marginalisation of Women in Kurdish Literary History

## Kürt Edebiyat Tarihinde Kadının Ötekileştirilmesi

Farangis Ghaderi

https://orcid.org/0000-0002-1706-2561 I f.ghaderi@exeter.ac.uk
Dr. Lecturer in Gender and Kurdish Studies, Institute of Arab and Islamic Studies, University of Exeter, UK
**ROR ID:** https://ror.org/03yghzc09



| | |
|---|---|
| **Jêgir**<br>*Citation*<br>Atıf | Ghaderi, F. (2025). پەراوێزخستنی ژنان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا Artuklu Kurdology (19). 59-77 DOI: 10.35859/artuklukurdology.1640662 |
| **Dîroka Şandinê**<br>Submission Date<br>Geliş tarihi | 15.02.2025 |
| **Dîroka Qebûlê**<br>*Acceptance Date*<br>Kabul Tarihi | 28.03.2025 |
| **Dîroka Weşandinê**<br>*Publication Date*<br>Yayın tarihi | 30.03.2023 |
| **Cureyê Gotarê**<br>*Article Type*<br>Makale Türü | Gotara vekolînê<br>Research article<br>Araştırma makalesi |
| **Hakemtî**<br>Peer-Review<br>Hakemlik | Cot Nenas – Du ji derve<br>Double anonymized - Two External<br>Çift Taraflı Kör Hakemlik – İki hakem |
| **Beyana Etîk**<br>*Ethical Statement*<br>Etik Beyanı | Hatîye beyankirin ku di pêkanîn û nivîsîna vê xebatê de hemû rêzikên zanistî û etîk hatine şopandin û hemû çavkanî bi awayekî têkûz hatine referanskirin<br>*It is declared that scientific and ethical principles have been followed while carrying out and writing this study and that all the sources used have been properly cited.*<br>Bu çalışma yapılırken ve yazılırken bilimsel ve etik ilkelere uyulduğu ve kullanılan tüm kaynaklara uygun şekilde atıfta bulunulduğu beyan edilir. |
| **Kontrola Întihalê**<br>*Plagiarism Checks*<br>Benzerlik Kontrolü | Belê – İntihal.net<br>*Yes – İntihal.net*<br>Evet – İntihal.net |
| **Nakokiyên Berjewendiyan**<br>*Conflicts of Interest*<br>Çikar Çatışması | Di gotarê de di navbera nivîskar û ti alîyên din nakokîya berjewendîyê tune ye.<br>*There is no conflict of interest between the author and any parties in the article.*<br>Yazar ile makalede yer alan taraflar arasında herhangi bir çıkar çatışması bulunmamaktadır. |
| **Alîkarîya Darayî**<br>*Grant Support*<br>Maddi Destek | Nivîskar beyan dike ku wan wî ji bo vê vekolînê ti fonên derveyî wernegirtine.<br>*The author(s) acknowledge that they received no external funding in support of this research.*<br>Yazar(lar), bu araştırmayı desteklemek için herhangi bir dış fon almadıklarını kabul etmektedirler. |
| **Mafê Telîfê & Destûr**<br>*Copyright & License*<br>Telif Hakkı & Lisanslama | Nivîskar li jer lîsansa CC BY-NC 4.0 mafê xwe yê li ser xebata xwe diparêzin.<br>*Authors publishing in the journal retain the copyright to their work licensed under the CC BY-NC 4.0.*<br>Dergide yayın yapan yazarlar, CC BY-NC 4.0 kapsamında lisanslanan çalışmalarının telif haklarını saklı tutarlar. |
| Agahîyên Îndeksan | DOAJ, ErihPlus, MLA, ProQuest, Linguistic Bibliography |

**کورتە**

ژنان لە مێژووی کلتووری و فیکری کوردیدا پەراوێزخراون. مێژووی ئەدەبی کوردی زیاتر مێژوویێکی پیاوانە و بەشداری ژنانی کورد لە پەرەپێدانی ئەدەبی کوردی وەک دیاردەیەکی نوێ کە لە ساڵانی ١٩٨٠وە دەستی پێکردووە مامەڵەی لەگەڵ کراوە. پەراوێزخستنی ژنان لە ئەنتۆلۆژیا ئەدەبییەکان و وەرگێڕان و توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا دووبارە و بەهێزتر کراوەتەوە. سەرەڕای ئەوەی لە دە ساڵی ڕابردوودا چەندین دەستنووسی نوێ دۆزراوەتەوە و لەنێویاندا بەرهەمی ژنانی تێدایە کە ئاڵنگاری «نەبوونی» ژنان لە بەرهەمهێنانی کلتووری کوردیی کردووە، بەڵام هێشتا نەتوانراوە هەڵسەنگاندنێکی جدی نوێ بۆ مێژووی ئەدەبی و پێکهاتە ئەدەبییەکانی بکرێتەوە.

لەم لێکۆڵینەوەدا، پەراوێزخستنی ژنان لە مێژووی ئەدەبی کوردی و میکانیزمەکانی دوورخستنەوەی نووسەرانی ژنی کورد تاوتوێ دەکەم. هەروەها باس لە هۆکارەکان دەکەم و کاریگەری کێشەی بێدەوڵەتی و چەوساندنەوەی کلتووری و زمانی، پیاوسالاری، و هەروەها دینامیکیەتی هێز لە نێوان جۆرەکانی زمانی کوردی و هێزە سیاسی و کلتوورییەکان. هەروەها بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەکانم لەسەر ئارشیفە گشتییەکان و تایبەتییەکانی باشوری کوردستان، باس لە دەرفەتەکانی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی دەنگە وون بووەکانی ژنانی کورد دەکەم. لە ڕێگەی گەڕان بە ناو بڵاوکراوە ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکان زانیاری بەنرخ و گرنگ دەربارەی بەرهەمە فیکری و ئەدەبییەکانی ژنانی کورد ئاشکرا دەبن و تەنانەت دەتوانین دەنگە لەبیرکراوەکان بدۆزینەوە. هەروەها گەڕان لە ناو ئارشیفە تایبەتەکان و مێژووی زارەکی دەرفەتی بێوێنە بۆ زیندووکردنەوەی بەرهەمی ژنانی ئەدیبی وونبووی کورد دروست دەکەن

**وشەی سەرەکی**

مێژووی ئەدەبی، ژنان، پەراوێزخستن، ئەرشیف

**خاڵە سەرەکییەکان**

مێژووی ئەدەبی کوردی وێنایەکی پیاوانەی هەیە و ژنان بە گشتی غایبن.

پەراوێزخستنی ژنان لە مێژووی ئەدەبی، ئەنتۆلۆژییا، و لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبیاتی کوردی دووبارە دەبێتەوە.

هۆکارەکانی پەراوێز خستنی ژنان لە مێژووی فکری و ئەدەبی کوردی بریتین لە بێدەڵەتی، چەوساندنەوەی کلتووری و زمانی، پیاوسالاری، و دینامیکیەتی هێز لە نێوان جۆرەکانی زمانی کوردین.

ڕێگاکانی دۆزینەوەی دەنگی ونبووی ژنان بریتین لە گەڕان لە ناو ئەرشیفەکان، ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکان، دەستنووسەکان، و مێژووی زارەکی.


## Abstract

Women are highly marginalized in Kurdish cultural and intellectual history. The history of Kurdish literature is virtually a men's history, and Kurdish women's contribution to the development of Kurdish literature has been discussed as a recent phenomenon, emerging only from the 1980s. The exclusion of women has been reproduced and reinforced in literary anthologies, translation, and in academic research. Although uncovering new manuscripts, including women's works, over the last decade has to some extent challenged the assumption of the "absence" of women in Kurdish cultural production, it has not instigated serious re-evaluation of the literary history and the canon. In this chapter, I examine the erasure of women from Kurdish literary history and exclusionary mechanisms that Kurdish women writers have faced, from statelessness and cultural and linguistic suppression to patriarchy as well as the power dynamic between Kurdish language varieties, political and cultural forces. Drawing on my recent investigation and scoping of public and private archives in Iraqi Kurdistan, I also discuss opportunities that archives offer in uncovering women's voices. I argue and demonstrate that re-examining primary source materials such as early Kurdish periodicals provide valuable information on Kurdish women's intellectual and literary production and can even recover forgotten women's voices. Early Kurdish publications, private archives, and oral history also offer unique possibilities to

revive women's lost literary creations.

**Keywords:** Literary history, Kurds, women, marginalisation, archive

## Highlights

Kurdish literary history has a male dominated image and women are generally absent.

The marginalisation of women is reproduced and reinforced in literary historiographies, anthologies, and academic studies on Kurdish literature.

The reasons for marginalisation of Kurdish women literati incldue statelessness, cultural and linguistic suppression, patriarchy, and the power dynamic between Kurdish language varieties.

Strategies to uncover Kurdish women's writings include excavating archives, investigating early Kurdish periodicals and publications, manuscripts, and oral history.

## Öz

Kadınlar Kürt kültürel ve entelektüel tarihinde oldukça marjinalleştirilmiştir. Kürt edebiyatının tarihi neredeyse bir erkek tarihidir ve Kürt kadınlarının Kürt edebiyatının gelişimine katkısı, ancak 1980'lerden itibaren ortaya çıkan yeni bir olgu olarak tartışılmıştır. Kadınların dışlanması, edebi antolojilerde, çevirilerde ve akademik araştırmalarda yeniden üretilmiş ve pekiştirilmiştir. Son on yılda, kadınların eserleri de dahil olmak üzere yeni el yazmalarının ortaya çıkarılması, Kürt kültürel üretiminde kadınların "yokluğu" varsayımını bir ölçüde sorgulasa da, edebiyat tarihinin ve kanonunun ciddi bir şekilde yeniden değerlendirilmesini teşvik etmemiştir. Bu bölümde, Kürt edebiyat tarihinden kadınların silinmesini ve Kürt kadın yazarların karşı karşıya kaldığı dışlayıcı mekanizmaları, devletsizlikten, kültürel ve dilsel baskıdan ataerkilliğe ve Kürt dil çeşitliliğinden, siyasi ve kültürel güçler arasındaki güç dinamiklerine kadar inceliyorum. Irak Kürdistanı'ndaki kamusal ve özel arşivler üzerine yakın zamanda yaptığım araştırma ve kapsamlandırmadan yararlanarak, arşivlerin kadınların seslerini açığa çıkarmada sunduğu fırsatları da tartışıyorum. Erken dönem Kürt süreli yayınları gibi birincil kaynak materyallerinin yeniden incelenmesinin Kürt kadınlarının entelektüel ve edebi üretimi hakkında değerli bilgiler sağladığını ve hatta unutulmuş kadın seslerini geri getirebileceğini tartışıyor ve ortaya koyuyorum. Erken dönem Kürt yayınları, özel arşivler ve sözlü tarih de kadınların kaybolmuş edebi eserlerini canlandırmak için benzersiz olanaklar sunuyor.

**Anahtar Kelimeler:** Edebiyat tarihi, Kürtler, kadın, ötekileştirme, arşiv.

## Öne Çıkanlar

Kürt edebiyat tarihi erkek egemen bir imgeye sahiptir ve genellikle kadının yeri yoktur.

Kadınların ötekileştirilmesi, edebiyat tarih yazınında, antolojilerde ve Kürt edebiyatı üzerine yapılan akademik çalışmalarda yeniden üretilir ve pekiştirilir.

Kürt kadın edebiyatçıların marjinalleşmesinin nedenleri arasında vatansızlık, kültürel ve dilsel baskı, ataerkillik ve Kürtçe dil farklılıkları arasındaki güç dinamiği yer alıyor.

Kürt kadınlarının yazılarını ortaya çıkarmaya yönelik stratejiler arasında arşivlerin taranması, erken dönem Kürtçe süreli yayınların, el yazmalarının ve sözlü tarihin araştırılması yer almaktadır.

## پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە سەر ژنانی کورد و بەشداریکردنیان لە کۆمەڵگە و مێژوو و کولتووری کوردیدا لە ڕووی مێژووییەوە سنووردار بووە. ئاستەنگگەلێکی سیستماتیک وەکوو بێدەوڵەتی، بە تاوان کردنی پرسی کورد و نەبوونی پشتیوانی ماددی و دامەزراوەیی هەر وەک شەهرزاد موجاب (٢٠٢١، ل. ١٦-١٧) ئاماژەی پێداوە، ڕێگربوونە لە دروست بوون و بڵاوبوونەوەی زانیاری لەبارەی ژنانی کورد. سەرەڕای ئەمانە لە گەڵ پەرەسەندنی بواری کوردۆلۆژی لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژنانی کورد و ڕۆڵیان لە داڕشتنی سیاسەت و کولتوور و هونەری کوردیدا لە هەڵکشان بووە، ئەگەرچی بە هێواشی. یەکێک لەو بوارانەی گۆڕانکارییەکانی ئومێدبەخشن بواری ئەدەبی کوردییە، بەڵام هێشتا وێنەیەکی پیاوانە بەسەر ئەدەبی کوردیدا زاڵە و ڕەخنەگرانی ئەدەبی وەک دیاردەیەکی نوێ باسی بەشداری ژنان دەکەن. مێژووی ئەدەبی کوردی تەنیا چەند دەنگێکی ژنانی لە شیعری کلاسیک تۆمارکردووە و نووسینی ژنان زۆرتر لە هەشتاکانەوە لەبەرچاوگیراوە. هەتاکو ئێستا غیابی ژن لە ئەدەبیاتی کوردیدا وەک «ڕاستییەکی جێگەی داخ» باس دەکرێت. بەڵام دۆزینەوەی کۆمەڵێک دەستنووس و لە ناویاندا چەند بەرهەمێکی ژنان ئاڵنگاری ئەم باوەڕە چەسپاوەی کردووە. لەم لێکۆڵینەوەدا، باس لە پەراوێزخستنی ژنان لە مێژووی ئەدەبی کوردی و ئەو تێڕوانینە نووسینی ژنان بە دیاردەیەکی درەنگ وەختانە ناودەبا دەکەم. هەروەها تیشک دەخەمە سەر میکانیزمەکانی پەراوێزخستنی ژنان و باسی ڕێکارەکانی دەرخستن و دۆزینەوەی دەنگی ژنان و ئاڵنگاری دەرکردن و پەراوێزخستنیان دەکەم

ئەم وتارە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا، غیاب و پەراوێزخستنی ژنی کورد نیشان دەدەم لە سەرچاوە سەرەکییەکان، لەوانە مێژووی ئەدەبیی کوردی، ئەنتۆلۆژیا و دەقە بنەڕەتییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. پاشان ئەوە دەخەمەڕوو کە چۆن ئەم سەرچاوە بنەڕەتییانە دەوریان هەبووە لە پەراوێزخستنی دەنگی ژنان لە ئەدەبدا و چۆن ئەو پەراوێزخستنانە لە وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی و پرۆگرامەکانی خوێندندا دووپات دەبێتەوە و دەچەسپێنرێت. لە بەشی دووەمدا باس لە هۆکارەکانی پەراوێزخستنی ژنانی کورد لە مێژوو و ئەدەبدا دەکەم کە بریتین لە بێدەوڵەتی، سەرکوتکردنی سیاسی و کەمینەسازی، دینامیزمی دەسەڵات لە نێوان زمانە\دایالێکتە کوردییەکان و پیاوسالاری. لە کۆتاییدا باس لە پۆتانسێلەکانی ئەرشیفە گشتی و تایبەتییەکان، گۆڤار و بڵاوکراوە سەرەتاییە کوردییەکان و مێژووی زارەکی دەکەم بۆ دۆزینەوە و دەرخستنی دەنگی وونبووی ژنان و ئاڵنگاریکردنی غیابی ژنان لە مێژووی کوردیدا.

### پەراوێزخستنی ژن لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا

بە چاوخشاندنێک بە کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی، ڕەخنەی ئەدەبی، و ئەنتۆلۆژییەکان و هەروەها ئەو لێکۆڵینەوە ئەکادیمییانەی تایبەتن بە ئەدەبی کوردی، بەڕوونی پەراوێزخستنی ژنانی ئەدیبمان بۆ دەردەکەوێت. بۆ نموونە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی (٢٠٠١-٢٠٠٧)ی مارف خەزنەدارە، کە لە حەوت بەرگدا ڕووماڵی ئەدەبیاتی کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تاوەکو ١٩٧٥ دەکات. ئەم کۆمەڵە بەرگە زیاتر لە سەد و شەست دەروازە لەسەر شاعیر و نووسەران لەخۆ دەگرێ کە تەنیا سێیان ژنن (میهرەبان (١٨٥٨-١٩٠٥)، جیهان ئارا (١٨٥٩-١٩١١]، و ئامینە (نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم -نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم) (٢٠٠٤، ل. ٦١١-٢٢). بەرگی پێنج تا حەوتەم ساڵانی ١٩١٤ تا ١٩٧٥ دەگرێتەوە و سەد دەروازە لەخۆدەگرێت کە هەموویان شاعیر و نووسەرانی پیاون. کتێبەکانی خەزنەدار سەرچاوەی سەرەکی لێکۆڵینەوە و پرۆگرامی خوێندنی ئەدەبی کوردین لە زانکۆکانی باشووری کوردستان و ڕۆڵیان هەبووە لە چەسپاندنی ئەو بۆچوونەی کە نووسینی ژنان دیاردەیەکی نوێیە لە ئەدەبی کوردیدا. یەکەم کتێب لەسەر مێژووی ئەدەبی کوردی بەناوی (مێژووی ئەدەبی کوردی) لە لایەن عەلائێدین سەجادییەوە لە ساڵی ١٩٥٢ نووسراوە ناوی هیچ ژنێکی ئەدیب لەخۆناگرێت و بە هەمان شێوە لە کتێبەکەی قەناتی کوردۆ (تاریخا ئەدەبیاتا کوردی) کە یەکەمین کتێبە بە کرمانجی لەسەر مێژووی ئەدەبی کوردی، ناوی هچ ژنێک نەهاتووە

هەروها ژنان لەو کتێبە سەرەتاییانەی کە بناغەی رەخنەی ئەدەبی کوردییان داناوە و تایبەت بوون بە مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەدەی بیستەم وەکوو کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ١٩٤١-١٩٥٦) رەفیق حیلمی و (کاروانی شیعری نوێی کوردی - ١٩٧٨) کاکەی فەلاح غایبن. هەروەها ژنان لە ئەنتۆلۆژیاکانی ئەدەبی کوردیدا زۆر دەگمەن دەبینرێن. لە یەکەم ئەنتۆلۆژیای کوردی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد، ١٩٢٠) تا ئەوانەی کە دواتر چاپ بوون وەکوو (هۆزانڤانێت کورد، ١٩٨٠)ی سادق بەهائەدین ئامێدی، (ئەنتۆلۆژیای هەڵبەستڤانێن کورد، ١٩٩٢)ی بالی، و (کەشکولا کرمانجی، ٢٠٠٤)ی جەلیلی جەلیل. تەنانەت ئەنتۆلۆژییە ناوازەکەی محەمەد ئوزون، (ئەنتۆلۆژیا ئەدەبیاتی کوردی،١٩٩٠) کە لە زۆر لایەنەوە جیاواز بوو، لە کۆی سەد و چوار دەروازە تەنیا یەک ژن (ئەسما ئۆجاک) لەخۆدەگرێت. تاکە سەرچاوەیەک کە دەنگی ژنان لەخۆدەگرێت، کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی، ٢٠٠٨) سدیق

سەفیزادە بۆرەکەییە، کە لە کۆی سێ سەد و شەست و چوار شاعیر بیست و دوو شاعیری ژنی تێدایە. ئەم پەراوێزخستنە لە ئەنتۆلۆژیای ئەدەبیاتی زارەکیشدا دەبینرێت

ئەمیری حەسەنپوور لە پێشەکی کتێبی (ئەدەبیاتی زارەکی موکریان- بەشی ژنان، ٢٠١٤)، ئاماژەی بەوە داوە کە لە ئەنتۆلۆژیایەکی بەیتبێژی ناوچەی موکریان و باباندا، سی ناو خراونەتەڕوو لەوانە تەنیا یەکێکیان ژنە. هەروەها لیستەکەی عەبدوڵڵا ئەیبویان سی دەنگبێژ لە خۆ دەگرێت کە تەنیا پێنجیان ژنن (٢٠١٤، ل. ٢٤).

سەیر نییە کە پشتگوێخستن و پەراوێزخستنی ژنان لە وەرگێڕانی شیعری کوردیدا دووپات بووەتەوە. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە من و کلیمەنس سکالبێرت یوجەل (Clemence Scalbert Yucel) لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢١ لەسەر وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ ئینگلیزی ئەنجامماندا، تێبینیمان کرد لە دە کتێبی وەرگێڕاودا تەنیا دوو نووسەری ژن (کەژاڵ ئەحمەد و هیوا پەناهی) هەن، هەروا لە ئەنتۆلۆژیاکاندا ژنان زۆر پەراوێزخراون، وەک لە خشتەی ژمارە (١) هاتووە.

خشتەی ژمارە (١)

| ئەنتۆلۆژییەکانی شیعری کوردی بە ئینگلیزی | ساڵی چاپ | ژمارەی شاعیرانی پیاو | ژمارەی شاعیرانی ژن |
|---|---|---|---|
| Anthology of Contemporary Kurdish Poetry | 1994 | 7 | 1 |
| Kurdish Poems of Love and Liberty | 2005 | 27 | 0 |
| Modern Kurdish Poetry. An Anthology & Introduction | 2006 | 25 | 5 |
| *An Anthology of Modern Kurdish Literature* | 2011 | 15 | 5 |
| Kurdish Voices. Kurdish Poets from Rojava | 2017 | 12 | 3 |
| My poetry depicts you: An anthology of contemporary Kurdish poetry | 2017 | 16 | 2 |

پاساوی وەرگێڕ و ئێدیتۆرەکان بۆ غیابی ژنان ئەوەیە کە بەشداری ژنان لە ئەدەبیاتی کوردیدا یان «نوێیە» یان «جێگەی سەرنج نییە». بۆ نموونە ڕێبوار فەتاح لە پێشەکیی ئەنتۆلۆژیای شیعری نوێی کوردیدا (*My Poetry Depicts You*، شیعرەکەم وێنات دەکات - لە ساڵی ٢٠١٧ چاپ و بڵاوکراوەتەوە) دەڵێت: «بەداخەوە وەک زۆربەی کولتوورەکان بە درێژایی مێژوو، پیاوان بەسەر گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیدا زاڵن. بۆیە دۆزینەوەی ژنی شاعیری کورد بۆ ئەوەی لەم ئەنتۆلۆژیایەدا جێگەیان بکرێتەوە کارێکی دژوار بوو.» (Ghaderi and Scalbert-Yücel, ٢٠٢١, p. ١١)

پەراوێزخستنی ئەدەبی ژنانی کورد لە وەرگێڕدراوەکان بە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی بەردەوام بووە. (کلیات تاریخ شعر کردی، ٢٠٠٦) بەختیار سەجادی بە زمانی فارسی نووسیویەتی و Kürt Şiiri Antolojisi Antolojisi (٢٠٠٧)ی سەلیم تەمۆ بە زمانی تورکی نموونەی ئەو جۆرە پەراوێز خستنەن. پەراوێزخستن و سڕینەوەی ژنان، هەروەها توێژینەوە ئەکادیمیەکانی بە زمانی کوردی و غەیرە کوردیشی گرتووەتەوە. جگە لە چەند بەرهەمێک (موکریانی، ١٩٨٠؛ حەسەن، ٢٠١٣؛ ئەلحەمید، ٢٠١٧)، زانیاری زۆر کەم لەسەر ژنە نووسەرەکانی کورد هەیە. هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی کەم سەبارەت بە گرنگی ژن لە ئەدەبیاتی زارەکی کوردیدا هەیە

(Hamelink, ٢٠١٦; Schäfers, ٢٠١٨, ٢٠٢٢, ٢٠٢٤.)

نەبوونی ژن لە مێژووی ئەدەبی و کلتووریدا بەردەوامی سڕینەوەو پەراوێزخستنی ژنانە لە مێژووی کوردیدا بە گشتی. ڕوخۆش عەلی کە لە کتێبەکەیدا (مێژووی تێکۆشانی مێینەی کورد لە مەلەکییەتەوە تا دوای ڕاپەڕین: بەشێک لە مێژوویەکی فەرامۆشکراو، ٢٠١٥) چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەد و حەڤدە ژنە چالاکوانی سیاسیدا کردووە و دەڵێت کە ژنانی چالاکی سیاسی «نەوەک لە پەراوێزدا نین بەڵکو لە هەموو پەراوێزێکیشدا کراونەتە دەرەوە، چ وەک مێینە فەرامۆشکراون چ وەک خەباتگێر.» (٢٠١٥، ل. ٩). زۆرجار سڕینەوەو پەراوێزخستنی ژنان لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکاندا، لەگەڵ دروشم و ئایدیۆلۆژیای ئازادی، ڕزگاریخوازی و یەکسانیخوازی بزووتنەوەکەدا ناگونجێن. عومەر شێخمووس لە پێشەکییەکەیدا بۆ بەرگی یەکەمی کتێبی (گوڵدانی ژن، ٢٠٢٠)ی نەرمین عوسمان ئاماژەی بەوە کردووە و تێیدا باسی ڕۆڵی ژنانی شۆڕشگێڕ ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردووە کە بە شێوەیەکی

بەرچاو لەبیر کراون هەرچەندە ئەمە پێچەوانەی ئایدۆلۆژیای یەکێتییە

«مێژووی رۆڵی ژنان لەناو شۆڕشی نوێ و خەبات و تێکۆشانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەسەرەتاوە تا ئێستا، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش فەراموشکراوە و بایەخی پێ نەدراوە. ئەم دیاردەیە لە گەڵ ڕێباز و ئایدیۆلۆژیای ی.ن.ک، کۆمەڵە و بزووتنەوە ناگونجێت، هەموولایەک زۆرباش ئاگادارن و دەزانن کە رۆڵی ژنانی سەر بە ی.ن.ک. چەند گەورە و گرنگ بووە لەناو خەباتی نهێنی ناو شارەکان و زانکۆکان.» (٢٠٢٠، ل. ٩)

لە دەرئەنجامدا پەراوێزخستنی ژن لە سەرچاوە سەرەکییەکاندا، وێنەی ئەدەبی کوردی زۆر پیاوانەیە و نەبوونی ژنیش وەک ڕاستییەکی «جێگەی داخ» لەقەڵەم دەدرێت. ئەم وێنەیە لە پرۆگرامەکانی قوتابخانە و زانکۆکانی باشووری کوردستاندا چەسپاوە، چونکە نووسەرانی ژن یان بە تەواوی بوونیان نییە یان وەک دیاردەیەکی درەنگ وەخت و نوێ دەخرێنەڕوو. کاتێک لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٣دا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامی خوێندن بۆ زمان و ئەدەبی کوردی کوردستان لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان، باسی پەراوێزخستنی ژنانم لە پرۆگرامی خوێندنی ئەدەبی کوردی ورووژاند، ئەوان ڕەوانەی ئەو سەرچاوە سەرەتاییانەیان کردم کە پرۆگرامەکانیان لەرێگەیەوە ئامادەکردبوو و پرسیاری ئەوەیان کرد لە کام سەرچاوە دەتوانن ژنانی ئەدیبی کورد بدۆزنەوە بۆ نوێکردنەوەی پرۆگرامەکانیان. پرسیارەکەیان دروست بوو چونکە لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەی ئەرشیفی و دۆزینەوەی دەستنووسەکان لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، ئاڵنگاری باوەڕی قووڵ سەبارەت بە نەبوونی نووسەرانی ژنیان کردووە، بەڵام هێشتا نەبوونەتە هۆی هاندانی هەڵسەنگاندنەوەی جددی بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی. لە بەشی دوایی بەشێک لە هۆکارەکانی پەراوێزخستنی ژنە ئەدیبەکانی کورد دەخەمەڕوو. هەندێک لە هۆکارەکان لە گەڵ ئەدەبیاتی جیهانیدا هاوبەشن و تەجرووبەی ژنانی ئەدیبە لە مێژووی گەلان، بەڵام هەندێکیشیان تایبەتن بە ئەزموونی ژنانی کورد وەک ژنانی نەتەوەیەکی سەرکوتکراوی بێ دەوڵەت. (Mojab, ٢٠٢١, p. ١٤)

**هۆکارەکانی پەراوێزخستنی ژنان لە مێژووی ئەدەبی کوردی**

**٢.١. بێ دەوڵەتی و سەرکوتکردنی سیاسی و کەمینەبوون**

شێوەزارەکانی زمانی کوردیی هەورامی\گۆرانی، کرمانجی و سۆرانی لە سەدەی پانزەهەمەوە وەک زمانی ئەدەبی لە میرنشینە کوردییە نیمچەسەربەخۆکانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێراندا گەشەیان کرد (Hassanpour, ١٩٩٢ ؛ خەزنەدار، ٢٠٠١). بەڵام سەرەڕای ئەوەش زمان و ئەدەبی کوردی لە ژێر هەژموونی زمانەکانی ئیمپراتۆریەتی فارسی و عەرەبی و تورکیدا مایەوە. بە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەوڵەتی قاجاری ئێران و دروست بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی بیستەمدا، کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت مایەوە و کوردستان لە نێوان تورکیا، عێراق، ئێران و سوریادا دابەش کرا. ئەو سیاسەتە ئاسمیلەکردنانەی کە ئەم دەوڵەتانە پەیڕەویان کردووە، زمان و کەلەپوور و کولتووری کوردی خستۆتە مەترسییەوە. زمانی کوردی تا ساڵی ١٩٩١ لە تورکیا بەکارهێنانی قەدەغە بوو (Skutnabb-Kangas and Bucak ١٩٩٤) لە ئێرانیش ڕەزاشا کە لە ساڵی ١٩٢٥ بۆ١٩٤١ دەسەڵاتدار بوو، داب و نەریت، کولتوور، جلوبەرگ، ئەدەبیات و مۆسیقای کوردی قەدەغە کرد (Hassanpour, ١٩٩٢, p. ١٢٦). حەسەنپوور ئاماژە بەوە دەکات کە لە ژێر بارودۆخی سەرکوتگەرانە لە تورکیا، سوریا و ئێراندا «بەشێکی بەرچاو لە میراتی ئەدەبی کوردی لەناوچوو، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ئەرشیفە شەخسییەکاندا بوون» (١٩٩٢: ٦٦). لە ڕاستیدا بیرەوەری و ژیاننامەی ڕۆشنبیران و ئەدەبیانی کورد لە سەدەی بیستەمدا پڕن لە گێڕانەوەی دڵتەزێنی لەناوبردنی کتێب و تۆمارە کوردییەکان لە ترسی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی داگیرکەری کوردستان. بە دڵنیاییەوە لە نێو ئەو بەرهەمانەی کە فەوتان، نووسراوی ژنانی کوردیش هەبوون. بۆ نموونە دیا جوان (١٩٥٣-٢٠٢٥ ) یەکێک لە بەناوبانگترین شاعیرانی ڕۆژئاڤای کوردستان، لە چاوپێکەوتنێکدا وەبیری هێنایەوە کاتێک دیوانە شیعرییەکەی (Pêlek Ji Derya Kovanên Min) لە ساڵی ١٩٩٢ لە سوریا بڵاوکرایەوە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی سوریاوە دەستگیرکرا و چەندین جار لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کراوە و دواجار کتێبەکەی لەناوبرا. کۆمەڵە شیعری دواتریشی هەمان چارەنووسی هەبوو (چاوپێکەوتن، شوباتی ٢٠٢٠ و ١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣)

جگە لەوەش لەبەر هۆکاری سیاسی و ئابووری بەشێکی بەرچاو لە ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی وەک دەستنووسی چاپنەکراو لە کتێبخانە نیشتمانییەکان و ئەرشیفی گشتی و تایبەت لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا ماوەتەوە. بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوودا، شارەزایانی کورد کۆمەڵێک دەستنووسیان بەدەستهێناوە و هەندێک جاریش دەستنووسەکانیان چاپ کردووە و بوونەتە مایەی دەوڵەمەندی کەلەپووری کوردی. بۆ نموونە ئەنوەر سوڵتانی بە پشتبەستن بە دەستنووسێکی سەدەی هەژدەهەم لە کتێبخانەی نەتەوەیی بەریتانیا، کتێبی دیوانی شیعری کوردی گورانی (Anthology of Gorani Poetry) لە لەندەن ١٩٩٨ چاپ

کرد. هەروەها مستەفا دێهقان کۆمەڵێک دەستنووس و دەقی چاپنەکراوی بە شێوەزارەکانی هەورامی/گۆرانی و سۆرانی لە کۆدە فارسییەکان بە ناوی (جونگ) لە کتێبخانەی نیشتمانی ئێران لە تاران (٢٠١٩) دۆزیەوە. دەستخەتە سۆرانییەکان کە دێهقان ئاماژەیان پێدەدا بریتییە لە شیعر، لاواندنەوە و ستایش و تەنز کە هی شاعیرانی ناسراو و کەمتر ناسراوی وەک مەلا مەحموود خاکی، فیکری، ئەمین، خەستە، و عیونین (Dehqan, ٢٠١٩, p. ٩٣–٥). دۆزینەوەی ئەو دەستنووسانە لە ساڵانی رابردوودا بوونەتە هۆی دۆزینەوەی چەندین ژنە شاعیری دیکەی کورد. بەناوبانگترین دۆزینەوە بڵاوکردنەوەی شیعرە کوردییەکانی ماە شەرەف خانم مەستوورە ئەردەڵان (١٨٠٥-١٨٤٨) بووە کە پێشتر دەوترا بەرهەمەکانی تەنها بە زمانی فارسی نووسیوە. دیوانەکەی مەستوورە شەش جار چاپ و بڵاو بووەتەوە. چاپی یەکەمی دیوانەکەی لە ساڵی ١٩٢٦ لەلایەن حاجی شێخ یەحیا مەعریفەت بوو. ساڵی ١٩٨٣ ئەحمەد کەرەمی چاپی کردەوە و تەنیا شیعرە فارسییەکانی لەخۆگرتبوو. چاپی سێیەمی دیوانەکەی لە ساڵی ١٩٩٨ لە لایەن سدیق بۆرەکەیی جگە لە شیعرە فارسییەکانی، ٤٦٢ کۆپلەی شیعری کوردی لەخۆ گرتبوو. چاپەکانی دیوانەکەی لە ساڵانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٥ تەنیا یەک شیعری و چوار شیعری کوردییان لەخۆگرتبوو.[1] کاملترین دیوانی مەستوورە لە ساڵی ٢٠١١ لە لایەن محەمەد عەلی قەرەداخییەوە چاپ و بڵاوکرایەوە لە سەرئەساسی دەستنووسێک کە لە کتێبخانەی بەرلین بینرا. دەستنووسەکە زیاتر شیعری فارسی لەخۆگرتبوو، بەڵام شیعری کوردیی مەولەوی (١٨٠٦-١٨٨٢) و مەستوورەشی تێدابوو

درەنگ دۆزینەوە و بڵاوبوونەوەی شیعرە کوردییەکانی مەستوورە ئاماژەیە بۆ ناجێگیری ئەدەبی کوردی وەک ئەدەبیاتی کەمینەکراو، بەڵام جۆرێکی دیکەشە لە پەراوێزخستن لە سەرچاوە کوردییەکان، ئەویش دورخستنەوەی ئەو نووسەرانەیە کە بە زمانی کوردی نانووسن یان کەمتر بە کوردی دەنووسن. نووسەرانی کورد لەپاڵ نووسین بە کوردی، بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی نووسیویانە، بەڵام نووسینە غەیرە کوردییەکانیان بە دەگمەن توانیویانە لە ساحەی ئەدەبییاتی ئەو وڵاتانەی داگیریان کردوون جێگەی خۆیان بکەنەوە. بۆ نموونە نووسەرانی کلاسیکی کورد کە بە زمانی فارسی نووسیویانە، بە دەگمەن لە سەرچاوەکانی ئەدەبیاتی فارسیدا دەبینرێن. ئەو نووسەرانەش کە بە کوردی نانووسن، بە گشتی پشتگوێ دەخرێن و تەنانەت گاڵتەیان پێ دەکرێ و لەبازنەی ئەدەبی کوردی دوور دەخرێنەوە. بەڵام پێدەچێت جەندەریش ڕۆڵی هەبێت لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نووسەرانەی کە بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی نییە. نموونەیەکی سەرنجڕاکێشی ئەو بابەتە مەلەک ئەلکەلام مەجدییە لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی سەجادی (١٩٥٢\ ٢٠١٢). مەجدی دیوانێکی شیعری فارسی هەبوو، بەڵام تەنها یەک شیعری کوردی ئەو ناسرابوو. سەرەڕای ئەوەش، سەجادی ئاماژەی بەوەدا کە ئاستی بەرزی ئەو تاکە شیعرە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شاعیر دەبێ شیعری کوردی زیاتری نووسیبێت بەڵام فەوتابێت (Ghaderi, ٢٠١٥, p. ١٣). هەرچەندە ئەو ئارگیومێنتە دروستە، بەڵام ژنە شاعیرەکانی وەک مەستوورە بەهۆی ئەوەی بە پێی پێویست بە زمانی کوردی نەیانووسیوە نەخراونەتە ناو لیستی ئەدیبانەوە و پەراوێزخراون. تەنانەت ڕەخنەگری بەناوبانگی کورد، حەکیم مەلا ساڵح، ڕاستی شیعرە کوردییەکانی مەستوورەی ڕەتکردەوە و دەڵێت: «مەستوورە بە کوردی شیعری نییە، دیارە شیعر بەستنیش بەناوی شاعیران بمانەوێ و نەمانەوێ زیانێکی گەورە بە ئەدەبی کوردی دەگەیێنێ.» (لە محەممەدی, ٢٠٠٦، ل. ١١١ وەرگیراوە)

سەرەڕای ڕەخنەی هەندێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی، وەک مەلا ساڵح، مەستوورە بووەتە کەسایەتیەکی نەتەوەیی و ئەمڕۆش وەک ژنێکی نووسەر و شاعیر و مێژوونووسێکی کوردی پێشەنگ تەماشا دەکرێ. مەستوورە بەختەوەر بوو، چونکە شیعرە کوردییەکانی، هەرچەندە درەنگ وەخت، دۆزرانەوە، بەڵام هەندێ شاعیری دیکە ئەو بەختەیان نەبووە. بۆ نموونە بابا مەردوخ روحانی (١٩٨٥) و بۆرەکەیی (١٩٩١) باس لە سرە خانم دیاربەکری Sırrı Hanım Diyarbekirli (١٨١٤-١٨٧٧) دەکەن کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە زمانی تورکی نووسیویەتی بەڵام بە کوردیش شیعری نووسیوە. ئەگەرچی دیوانەکەی بە زمانی تورکی چاپ کراوە (Diyarbekirli Şair Sırrı Hanım'ın Divanı, ٢٠٠٥)، وا دیارە هێشتا شیعرە کوردییەکانی نەدۆزراونەتەوە و تا ئێستا لە مێژووی ئەدەبی کوردی غاییبە.

دوورخستنەوەی ئەو نووسەرانەی کە لە گەڵ کوردی بە زمانی دیکەی غەیرە کوردیش دەنووسن بەردەوامە. بۆ نمونە تیرۆژ (هانا محەمەد) شاعیرێکی بەهرەدارە کە چوار کۆمەڵە شیعری بە زمانی عەرەبی و دوو کۆمەڵە شیعری بە زمانی کوردی بە شێوەزاری بادینی چاپ بووە: شیان و لەیلان (٢٠٠٢) و پەڕێ سپی (٢٠١٢). لە کاتێکدا لە ئەدەبی عەرەبیدا گرنگی پێدراوە و بانگهێشتی فێستیڤاڵی شیعر لە وڵاتانی عەرەبی دەکرێت، بەڵام لە بازنەی ئەدەبی کوردیدا لە دەرەوەی ناوچەی بادینان تا ڕادەیەک نەناسراوە. ئەمە خەسارێکی گەورەیە بۆ ئەدەبی کوردی بەڵام بەشێک لەو پەراوێز خستنەی تیرۆژ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نووسینە کوردییەکانی بە شێوەزاری بادینین. لە بەشی داهاتوو دینامیزمی دەسەڵات لە نێوان شێوەزارە کوردییەکاندا وەک

1 سپاسی دوکتور سەباح حوسەینی دەکەم بۆ یارمەتیدانی بۆ دەستخستنی دیوانەکانی مەستوورە

هۆکارێک بۆ پەراوێزخستنی ژنانی ئەدیب باس دەکەم

**٢.٢. پێکهاتەی دەسەڵات لە نێوان شێوەزارە کوردییەکاندا**

هەرچەندە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە سۆرانی وەک زمانێکی ئەدەبی پەرەی سەند، یانی زۆر دواتر لە کرمانجی و هەورامی/گۆرانی کە لە سەدەی پانزەهەمەوە پەرەیان سەند، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا بە بەراورد لەگەڵ شێوەزارەکانی دیکەدا، بەردەوامییەکی بێ پچڕانی هەبوو. دوای ڕووخانی میرنشینی ئەردەڵان لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بەکارهێنانی ئەدەبی هەورامی/گۆڕانی بەخێرایی کەم بووەوە (Ghaderi, ٢٠١٧). لە تورکیاش، کرمانجی لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا تا ساڵی ١٩٩١ قەدەغەکرابوو. لە ئەنجامی ئەمانە سۆرانی بوو بە زاراوەی باڵادەستی کوردی لە سەدەی بیستەم. ئەمەش لە مێژوونوسی و ئەنتۆلۆژییەکانی ئەدەبی کوردیدا ڕەنگ دەداتەوە. لەڕاستیدا، هەروا کە پێشتر لە وتارێک باسم کردووە، سەرەڕای ناونیشانە گشتگیرەکانیان، مێژوو و ئەنتۆلۆژییە ئەدەبییە کوردییەکان، بە کەمێک ئاوارەتە (ئیستسنا)، وێنەیەکی ناتەواو لە ئەدەبی کوردی دەخەنە ڕوو کە تێیدا بەرهەمی ئەدەبی بە یەک یان دوو شێوەزارە دەبینرێت و شێوەزارەکانی دیکە بەدەرەن یان بە شێوەیەکی بەرچاو پەراوێزخراون (Ghaderi, ٢٠١٥: ١٠–١٣). هەرچەندە هەژموونی سۆرانی لە باشوور لە ساڵی ١٩٩٦ەوە ڕووبەڕووی ئاڵنگاری بووتەوە و بادینیش بووەتە زمانی فێرکاری لە قوتابخانەکانی بادینان (Sheyholislami, ٢٠١٧)، بەڵام پەراوێزخستنی شێوەزاری بادینانی و هەورامی لە ناوەندە ئەدەبییەکاندا بەردەوامە. بۆیە ژنانی کورد کە بە شێوەزارە پەراوێزخراوەکانی وەک بادینانی، هەورامی و زازاکی دەنووسن، ڕووبەڕووی دووجار پەراوێزخستن دەبنەوە و دەرکەوتنیان سەختره

لە شوباتی ٢٠٢٠ لەگەڵ دوو هاوکارم کلێمەنس سکالبێرت یوجەل و یاسر عەلی بە مەبەستی ڕووماڵکردنی نووسینی ژنان و چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی ژن، گەشتێکی توێژینەوەیی هاوبەشمان کرد بۆ باشووری کوردستان. پلانەکەمان وابوو لە دەڤەری بادینانەوە دەست بە کارەکانمان بکەین. کاتێک مەبەستی گەشتەکەم بۆ نووسەر و ئەکادیمییەکی ناسراوی پیاو کە لە شاری هەولێرە باس کرد، بە سەرسوڕمانەوە لێی پرسیم: ”بۆ لە بادینان نووسەری ژن هەیە؟“ پاشان بە نائومێدیەوە پێی وتم، لێکۆڵینەوەکەمان بێ کەڵک دەبێ و لە بادینان ژمارەیەکی کەم نووسەری پیاو هەن، بەڵام ژن هەر نییە. ئەو تەنیا کەس نەبوو بۆچوونێکی لەو شێوەیەی هەبوو و پێمان گوترا ئەگەر گرنگی بە ژنە نووسەرەکان دەدەن، پێویستە لەبری بادینان سەردانی سلێمانی بکەن. هەرچەندە وەک لۆلاڤ ئەلحەمید باسی دەکات «دۆخی دواکەوتوویی کولتووری ناوچەی بادینان بە بەراورد لەگەڵ ناوچە کوردییەکانی دیکەی عێراق تا کۆتایی سەدەی بیستەم بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمی کولتووری و هونەری و ئەدەبی بە شێوەزاری بەهدینی» (٢٠١٧, p. ٨-٢٧). بەڵام لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا بادینان شاهیدی تەقینەوەی بەرهەمی ئەدەبی بووە و دەیان شاعیر و نووسەری بەتوانا دەرکەوتنە. بەڵام سەرەڕای ئەوە، هەژموونی شێوەزاری سۆرانی، وای کردووە کە ئەدەبیاتی بادینانی کەمتر ببینرێت و لێرەشەوە بەرهەمی ژنە نووسەرەکانی بادینی تووشی دووجار نەبینین بوون

ژنانی کورد کە بە زاراوەی هەورامی و زازاکی و کوردی باشوور (کەلهوڕی) دەنووسن، ڕووبەڕووی هەمان ئاوارتە دەبنەوە و بە دەگمەن جێگەیان دەکرێتەوە، و ئەدەبی کوردی بە زاراوە پەراوێزخراوەکان بە زۆری بە بەرهەمی ئەدەبی پیاوانیان ناسراوەن. لە کتێبی (ژن ژیان دنۆسێتەوە) کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە ٢٠١٩ بڵاوی کردووە ئەم پەراوێزخستنی زاراوانە جارێکی کە دەبینین. کتێبەکە دوای فێستیڤاڵی (شیعری ژنانی کوردستان) لە هەمان ساڵ چاپ بوو و ئامانجی ئاڵنگاری پەراوێز خستنی ژنانی شاعیربوو. بەڵام لە ئەنتۆلۆژیایە زۆرینەی شاعیرەکان شاعیرانی دیاری سۆرانین. ئەنتۆلۆژیاکە حەفتا و سێ شاعیری سۆرانی لەخۆ دەگرێ و تەنیا حەوت شاعیری بادینانی و یەک هەورامی تێدایە. هیچ ژنە شاعیرێکی تێدا نییە کە بە زازاکی و بە شێوەزاری کوردی باشوور (کەلهوڕی) بنووسێت.

**٢.٣. پیاوسالاری**

یۆوانا ڕاس لە کتێبێکی گرنگی بەناو (چۆن نووسینی ژنان سەرکوت بکەین- How to Supress Women's Writing) کە ڕووماڵی پەراوێزخستنی ژنانی ئەدیب لە ئەدەبیاتی گەلان دەکات، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەگەر ”بڕیار نەبێت هەندێک کەس توانای بەرهەمهێنانی ئەدەبی ’گەورە‘یان نەبێت و ئەگەر ئەم گریمانەیە یەکێک بێت لەو ئامرازانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی ئەو جۆرە کەسانە لە شوێنی خۆیان بمێننەوە، ئەوا... دۆخی ئایدیاڵ (لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە) دۆخێکە کە تێیدا ڕێگری لەو جۆرە کەسانە بکرێت هیچ ئەدەبێک بەهیچ شێوەیەک بەرهەمبهێنن“ (١٩٨٣, p. ٤). ئەوەش لە ڕێگەی قەدەغەکردنی فەرمی و نافەرمییەوە بەدی دێت، لەوانە درووست کردنی بێهیوایی و ڕێگریکردن لە دەستڕانەگەیشتن بە کەرەستەی نووسین و بڵاوکردنەوە و فێرکردن، ئینکاری ئەو نووسینانەی لەبەردەستە، بچووک و بێبایەخ پیشاندانی بەرهەمی ژنان بە شێوازی جۆراوجۆر، دابڕانی بەرهەمەکە لەو

نەریتـەی لێـوەی هاتـووە و لـە کۆتاییـدا خستنەڕووی وەک بەرهەمێکـی نائاسـایی، جەختکردنـەوە لـەوەی کـە بەرهەمەکـە دەرخـەری کارەکتـەری خراپـی نووسـەرەکەیە و مایـەی ئابڕووچوونـە و نابـێ بـە هیـچ شـێوەیەک ئەنجـام بدرێـت، و پشـتگوێخستن تـەواوی کارەکـە، باوتریـن تەکنیکەکانـ کـە بەکاردەهێنرێـت و قورسترینیشـن بـۆ بەرەنگاربوونەوەیـان. (Russ, ١٩٨٣, p. ٥)

ئـەو ژنـە کوردانـەی کـە سـەرپێچیان لـە نۆرمەکانـی پیاوسـالاری کـردووە و هونـەر و بیروبۆچوونەکانیـان خسـتووەتەڕوو، تووشـی قەدەغـەی نافەرمـی کـە ڕاس باسـی دەکات بـوون. ئـەوان ڕووبـەڕووی بێهیوایـی و سـووکایەتی پێکـردن و سـزای کۆمەڵایەتـی بوونەتـەوە. سـەلاح پایانیانـی کـە کتێبێکـی گرنگـی لەسـەر ئەدەبیاتـی زارەکـی ژنانـی کـورد بڵاوکردۆتـەوە، لـە نامەیەکـدا بـۆ ئەمیـر حەسـەنپوور باسـی لـە سـەختی کۆکردنـەوە و تۆمارکردنـی دەنگـی ژنـان کـردووە. لـە یەکێـک لـە نموونەکانیـدا باسـی ژنێـک دەکات بـە نـاوی ئەلـف خانـم کـە گۆرانیبێژێکـی گـەورەی گوندێکـی ناوچـەی موکریـان بـووە. کاتێـک پایانیانـی بـۆ تۆمارکردنـی گۆرانییەکانـی چووەتـە لای، ڕەتیکـردەوە و پێـی وتـووە براکانـی بـۆ مـاوەی دە ساڵ قسـەیان لەگەڵدا نەکردووە کاتێـک زانیویانـە لای لایەییێکـی تۆمـار کـراوە و دواتـر لـە تەلەفزیۆنـی مەهابـاد لـە سـاڵانی ١٩٨٠-١٩٨١ پەخشـکراوە (٢٠١٤، ل. ٢٧). هەروەهـا ئەمیـر حەسـەنپوور ئامـاژە بـەوەددا کـە گۆرانیبێژانـی ژن و پیـاو بـە یەکسـانی مامەڵەیـان لەگەڵـدا نەکـراوە. لـە کاتێکـدا ڕێـز لـە پیـاوەکان دەگیـرا، بـەڵام ژنـان بـە بێڕێـزی و تەنانـەت سـووکایەتیکردن مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکـرا. بـۆ نموونـە مەنیـج حەیـران ژنێکـی گۆرانیبێـژی نـاسراو و دەنگێکـی دیـاری ناوچـەی مەهاباد بـوو، بـەڵام ناوەکەی بـوو بـە نازناوێکـی بێڕێزیکـردن بـەو ژنانـەی کـە سـەرپێچی نۆرمەکانـی پیاوسـالاریان دەکـرد « ئێسـتاش ئەگـەر کچێـک لـە بەرامبـەر ئـەو دابـە دواکەوتانـەدا سـەر ببزێـوێ بـە مەنیـج حەیرانـی دەشـوبهێنن و توانجـی تێدەگـرن و پێـی دەڵێـن: «بـڕۆ مەنیـج حەیـران» (Hassanpour, ٢٠١٤, p. ٢٦)

روخـۆش علـی، لـەو چاوپێکەوتنانـەی کـە لەگـەڵ سـەدوحەڤدە ژنـی چالاکـی سیاسـی لـە باشـوور ئەنجامـی داون، لەوانـە ئـەو ژنانـەی کـە بەهـۆی چالاکـی سیاسـی لـە سـەردەمی ڕژێمـی بەعسـدا خرابوونـە زینـدان، ئامـاژەی بـەوەداوە کـە "زۆر لـە ژنـە زیندانیـەکان بـاس لـەوە دەکـەن کـە ئێمـە هێنـدەی لـە داب و نەریتـی کۆمەڵـگا و لـە کوتـەک و چەکوشـەکانی بـاوکمان دەترسـاین، هێنـدە لـە زینـدان و ئەشـکەنجەکانی بەعـس نەدەترسـاین.")٢٠١٥، ل. ٩ ) هەروەهـا سـامیە شـاکر چاوشـلی، لـە پێشـەکی یەکەمیـن کۆمەڵـە شـیعری خۆیـدا (بیـری چەسـپاو) نووسـیویەتی : "هەرگیـز کارێکـی سـادەو سـاکار نیـە کچێـک لـە خێزانێکـی کۆمەڵەکـەی ئێمـە بتوانێـت بەرهـەم و دەسـکەوتی پاڵاوتـەی بیـروڕای خـۆی لـە چەشـنی هـەر جـۆری شـارەزاییەک بـێ بیخاتـە سـەر پـەڕەی کاغـەزو بڵاوی بکاتـەوە بـا پسـپۆڕو فەیلەسـوفیش بێـت تەنانـەت لـە چەشـنی وێژەیی! لام وایـە ئەوسـا هـەر بەجـارێ کفـر و وەرگەڕانـە!!" (١٩٧٣، ل. ٨)

یەکێـک لـە ڕێگاکانـی بێڕێزیکـردن بـە بەرهەمـی ژنـان، ڕەتکردنـەوەی خاوەندارێتـی بەرهەمـی ژنانـە، یـان گومانکـردن لـە بەهای سـتاتیکای شـیعرەکانیانە. نموونـەی ئەمـە لـە ئەدەبـی جیهانـی زۆرە. لـە کوردیـدا وەک لـە سـەرەوە ئامـاژەم پێـدا، کاتێـک شـیعرە کوردییەکانـی مەسـتوورەی ئـەردەڵان دۆزرانـەوە، ڕووبـەڕووی کۆمەڵێـک پرسـیار بـووەوە. عـادل محەمەدپـوور، شـاعیر و ڕەخنەگـری کـورد، هـەم بوونـی شـیعرە کوردییەکانـی و هـەم کوالیتییەکـەی خسـتە ژێـر پرسـیارەوە

« گوایـێ شـیعرە کوردییەکانـی مەسـتوورە فەوتـاوە ئێسـتا لـە بەردەسـتدا نییـە. ئـەو هۆنراوانیشـە چ هەورامـی و چ سـۆرانی کـە هـەن لـە چـاپ دراون، هـەم لـە چەندایەتـی و هـەم لـە چۆنایەتیـدا، نەشـیاوی ڕاڤـە و شرۆڤـەی هۆنەریـن و نـە هەڵگـری ئاسـتی جوانیناسـی و بۆتیـکای شـی؛رین و نەیـش شـیاوی تاوتـۆ و ڕانانکریـن لـە هەمبـەر بێسـارانی و مەولـەوی و نالیـدا. تەنیا دەتوانیـن بڵێیـن هۆنراوەگەلێکـی سـاکار و ئاهەنگـدار و سـەروادارن کـە لـە حـەوزەی لیریـکای تاکـی تیۆکراتییانـەدا شـوێنیان بـۆ دیـاری دەکـرێ.» (محەمەدپـوور, ٢٠٠٦، ل. ١٦٢)

خەزنـەدار لـە حـەوت بەرگەکـەی کتێبـی مێـژووی ئەدەبـی کـوردی هیـچ باسـێکی مەسـتوورەی نەکـردووە. بـەڵام خەزنـەدار ئـاگاداری مەسـتوورە بـووە و تەنانـەت لـە بابەتێکـی دووردرێـژدا کـە تایبەتـە بـە نالـی (١٨٠٠-١٨٥٦)، قەسـیدەیەکی تەنزئامێـز کـە نیسـبەت دەدرێـت بـە نالـی هێناوەتـەوە (٢٠٠٣، ل. ١٣٤-١٤١). شـیعرەکە بـاس لـە ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی ئیرۆتیکیـی خەیاڵـی نالـی لەگـەڵ مەسـتوورەدا دەکات

مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ

هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ!

هاتووم، وتی، عوقدەم هەیە، قەت مومکینە وا بێ؟

هیی تۆم ئەگەرەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ

وەک یۆوانا ڕاس ئاماژەی پێدەکات، بەرهەمی ژنان لە هەموو نەریتە ئەدەبییەکاندا لەرووی ئاڵۆزی جوانکاری و گرنگی سیاسی هەژار دەنرخێنرێت (١٩٨٣, p. ٩). نموونەیەکی بەناوبانگ شاعیر و ڕۆماننووسی ئینگلیز، مێری ئەن ئیوانسە (١٨١٩-١٨٨٠) کە بە ناوێکی پیاوانە، جۆرج ئێلیۆت (George Eliot) کارەکانی بڵاودەکردووە بۆئەوەی گرنگی پێبدرێت و بخوێنرێتەوە. لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەکی هەژارنرخاندنی بەرهەمی ژنان لە لایەن ڕەخنەگرانی پیاو دەکەم.

عەباس سالح عەبدوڵلا، نووسەری کتێبی (فێمینیزم لە شیعری کوردیدا: کرمانجی خواروو، ٢٠٠٩) لە وەسفێکی سەرسووڕهێنەردا بوونی ژنی شاعیری دیار و بەرچاوی کورد، جگە لە مەستوورە، تا سەردەمی ساڵانی شەستەکان ڕەت دەکاتەوە و هەروەها "دەنگی ژنانی تازە پێگەیشتوو"لە ماوەی نێوان ساڵانی شەست و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە "لاواز" و بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بە "تەقلیدکردنی بەرهەمی پیاوان" ناوزەد دەکات

"لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی شیعری کوردیدا (مەستوورەی ئەردەڵان)ی لێ دەربچێت ناوێکی وا نایەتە بەرچاوکە دەنگێکی ڕەسەنی شیعری ژنان بێت و هەتا ساڵەکانی شەستی سەدەی بیستەم شیعری ژنان بڕەوی نیە و تاک و تەرا نەبێت دەنگی ژنە شاعیرێک نابیستی بەڵام لەو مێژووە بەدواوە واتە لە سەرەتای حەفتاکانەوە ژنی شاعیر دەردەکەون و وردەوردە ژمارەیان زیاد دەکات بەڵام ئەو شاعیرانەش بەترسەوە پەنا دەبەنە بەر شیعر و ئەو بوێرییەیان تێدا بەدی ناکرێت، بەڕاشکاوی بێنە ناو ڕەوشەکەوە و بوونی خۆیان بسەلمێنن، چەند دەنگێکی لاواز دەیەوێ ڕێیەک بۆ خۆی بکاتەوە بەڵام ناگاتە مەنزڵ و ئەوەی لە خەیالیدایە پەرش و بڵاو دەبێتەوە و ناگات بە جەماوەری شعیر و هەتا ساڵی ١٩٨٠ز چەند دەنگێک دەردەکەون و دواتر بزردەبن و شیعرەکانیشیان لەو جۆرەیە کەلاسایی شیعری پیاوان دەکەنەوە بەلاوازی بابەتەکانیان لە وەسفی نیشتمان و دیمەنی سروشت و لاواندنەوەی مردوو و ناڕەزایی دەربڕین لە ژیانی هەژاری و هەندێ شتی کۆمەڵایەتی... " (٢٠٠٩، ل.١٥٠-١٥١)

عەبدوڵلا بەرهەمی شیعریی نووسینی ژنان لە ساڵانی شەست و حەفتاکاندا ڕەتدەکاتەوە بەهۆی ئەوەی «وەک پیاوان» نووسیویانە و بەئەمەش شیعرەکانیان بە «لاسایی کردنەوە بەڵام بەلاوازی و ناکامڵی و پێنەگەیشتوو» پێناسە دەکا (٢٠٠٩، ل. ١٥٢). پێدەچێت ئەم ڕەخنەگرە پێناسە و چاوەڕوانیکی تایبەتی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی شیعری ژنان چۆن بێت کاتێک دەڵێت: شاعیری ژن « باسی واقیعی ڕاستەقینەی خۆی ناکات و ناوێرێ دەست بۆ شتە بقە و مەترسیدارەکان بەرێت» (٢٠٠٩، ل. ١٥٢). ئەگەرچی پرسیار لێرە ئەوەیە بۆ شاعیری ژن دەبێت باسی شتە بقە و مەترسیدارەکان بکات و ئەم چاوەڕوانییە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت. هەروەها پێوەرەکانی «واقیعی ڕاستەقینەی» ژن چین و کێ بڕیاریان لەسەردەدات؟ عەبدوڵلا لەبەر ئەو هۆکارانەی باسیان دەکا، وێڕای دانانی بە بەهەرەمەندی و پڕبەرهەمی شاعیرێکی وەک خورشیدە بابان (١٩٤٠-١٩٧٧) کە خاوەنی سێ دیوانی شیعری بوو، ئیدیعا دەکات «مێ بوون بە شیعرەکانیەوە دیار نییە» چونکە «لەو هەمووئاڵۆزییەی [ئاڵۆزییەی] کە ژنی کورد بەدەستیەوە دەناڵێ هیچ گوتارێکی نییە تەنانەت تاقە شیعری شک نابەیت بۆ ئەڤین و خۆشەویستی وترابێ» (٢٠٠٩، ل. ١٥٧). هەروەها لە وەسفی ژنە شاعیرە بەهەرەمەندەکانی دیکەی وەک دایکی سۆلاڤ و نەسرین فەخری (٢٠٠٩، ل. ١٥٨-١٦٢) شیعرەکانیان بە دەنگی ژن نازانێ. لە باسی دایکی سۆلاڤ دەڵێت «سیمای مێ بوون بە شیعرەکانیەوە دیار نییە و ئەو سنوورەی کۆمەڵگە دروستی کردووە بەمیش ناشکێ هیچ سەرسامی و ڕاچەنینێک لە شیعرەکانیدا بەدی ناکرێت بەدوای شیعری پیاواندا ڕێگا دەبڕێ.» جێگای سەرسوڕمانە کە تەنانەت کاتێک شاعیرێکی ژن باس لە پرسەکانی پەیوەست بە ژنان دەکات، بەلای عەباس عەبدوڵلا ئەوەندە «ژنانە» نییە کە گرنگی پێ بدات، وەک لەو شیکارییەی بۆ شیعرەکانی فریشتە کۆیی (١٩٤٠-٢٠٠٩)، شاعیر و ئەندامی چالاکی حزبی شیوعی عیراقی دەردەکەوێت

«لەناوەندی ساڵانی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا دەنگی ژنە شاعیرێک (فریشتە کۆیی) دەبیسترێ لە چەند پارچە شیعرێکدا باسی ئازادی ژن و بەشداری ژن دەکات لە بوارەکانی ژیاندا بەتایبەتی لە خوێندندا بەڵام هەمان دەنگی شاعیرانی پیاوە هەمان ڕێچکەی شیعرگوتنە کە پیاوان پەیڕەوی دەکەن بۆ داواکردنی ئازادی ژن و پیاو وەکوو مرۆڤێکی دڵسۆزی نەتەوەکەی پەرۆشی گەل و نیشمانیەتی لە پێناو یەک بوون و سەرفرازیدا و لەوکاتەدا کە شۆڕشی چواردەی تەمووز بەرپابوو بەشی زۆری شیعرەکەی بۆ ئەو شۆڕشە تەرخان کردووە باس لە سەرکەوتنی شۆڕش و نووچ دانی ڕژێمی پاشایەتی دەکات. « (٢٠٠٩، ل. ١٥٩-١٦٠).

کوردستان موکریانی لە کتێبی (هۆنراوی ئافرەتی کورد، ١٩٨٠)دا ئاماژەی بە تۆمەتبارکردنی ژنان بە لاساییکردنەوەی پیاوان داوە. شیکارییەکی کورت بەڵام گرنگی بۆ هەژدە شاعیری ژنی هاوچەرخ کردووە و دەڵێت پاڵنەرەکانی بۆ نووسینی کتێبەکەی، نەبوونی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی زانستی بووە لەسەر شیعری ژنان و لەوبارەوە دەڵێ

«لێکۆڵینەوە ئەوەی بۆ روون کردمەوە کەوا ئافرەتی کورد لە کاتی سەرهەڵدانی هەستی وێژەییدا شوێن پێی پێش خۆی کەوتووە لە دوای ماوەیەک جا توانیویەتی دەنگ و بیرو کەسیەتی خۆی لە نێو هۆنراوەکانیدا بنوێنێ. ژنی شاعیری ئەمڕۆی کورد لە بەر ئەوەی ژنی شاعیری ئەوتۆی نەبووە کاری تێ بکات، مێشکی بە هۆنراوەکانی زاخاو بکات بۆیە ناچاربووە روو لە بەرهەمی پیاو بکات، لە ئەنجامدا ئارەزووی کردبێ و نەکردبێ کەوتۆتە ژێر تەزووی ئەدیبەکەوە کە بە چەشنێک لە هۆنراوەکانیدا رەنگ دەداتەوە بڵێین نقووم بوونی دەنگی ئافرەتە لە نێو دەنگی پیاودا.» (١٩٨٠، ل. ١٢)

سامان حەسەن لە تێزی دکتۆراکەیدا (ژن و ئەدەب: خوێندنەوەیەکی فێمینیستانە بۆ شیعری ژنانی کورد- Women and Literature: A Feminist Reading of Kurdish Women's Poetry, ٢٠١٣)، کە یەکێکە لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییە کەمەکان سەبارەت بە ئەدەبی ژنانی کورد بە زمانی ئینگلیزی، بەم شێوە گۆزارشت لە نووسینەکەی کوردستان موکریانی کردووە

”هەروا کە موکریانی دەڵێت هیچ کام لەم ژنە شاعیرانە خاوەنی دەنگ و ڕێبازێکی سەربەخۆ نین بۆ نوێنەرایەتیکردنی واقیعی ژنی کورد. بەڵکو لە ژێر کاریگەری شاعیرە هاوچەرخە پیاوەکاندا و پەیڕەوی هەمان ئۆلگوو و ناوەڕۆکانە دەکەن کە هاوتا نێرەکانیان بەکاری دەهێنن... “

و لە کۆتاییدا دەگاتە لە ئەم دەرئەنجامە:

”ئەستەمە بڵێین ئەم ژنە شاعیرە کوردانە دەیانویست لە ڕێگەی نووسینەوەی شیعرەوە بە گژ ئەو ستەم و نادادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەی کە لەسەر دەستی پیاوان ڕووبەڕووی دەبنەوە بچنەوە یان شیعرەکانیان بکەنە چەکێک بۆ بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی ئەو پیاوسالارییە کلاسیکە دەیەوێ ژنانی کورد بکەن بە کۆیلەی ناو ماڵەکانیان، بەڵکو ئەوان لە ژێر پاڵنەری حەز و سۆز و خولیای تاکەکەسی خۆیان و لە پێناوی هاوبەش کردن و خستنەڕووی ئەو شێواز و جۆرە تایبەتەی ژیان کە خۆیان دەیانەوێ، لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا شیعریان نووسی. “(٢٠١٣، ل. ٩٧)

بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی حەسەن، چاوخشاندنێکی خێرا بە شیعری شاعیرە ژنە هاوچەرخەکان، خواستێکی هاوبەش بۆ ئاڵنگاریکردنی نۆرمەکانی پیاوسالاری دەردەخات. بچووککردنەوەی شیعری ژنان بۆ دەبڕینی ”سۆز و خولیای تاکەکەسی” و“ویستی هاوبەش کردنی” شێوازێک یان ژیانی تایبەتی خۆیان، لە گرنگی و هێزی بەرهەمەکانیان کەم دەکاتەوە. حەسەن بە ناونانی ئەو هەژدە ژنەی کە موکریانی ڕیزبەندی کردوون بە «گرووپێکی بچووک»، کاریگەرییەکانیان بچووک نیشان دەدات و دەڵێت «لە ڕاستیدا کاریگەریی ئەم گروپە بچووکەی ژنانی شاعیر، بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری لە کۆتایی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەسەر گەشەنەسەندنی شیعری ژنانی کورد هێندە بەرچاو نەبووە... « (٢٠١٣، ل. ٩٨). ڕەتکردنەوەی تەواوی نەریتی نووسینی ژنان، دەبێیە هۆی سڕینەوەی بەشداری کردن و میرات و یادەوەرییەکانیان و وەک یۆوانا ڕاس ئاماژەی پێکردووە کاتێک: «بیرەوەری پێشینان دەنێژێت، ئەو گریمانەیە بەردەوام دەبێت کە پێشتر هیچ کەس نەبووە و هەر نەوەیەکی نوێی ژن کە دێت پێی وایە بۆ یەکەمجار هەموو شتێک لەسەر دەستی خۆی دەست پێ بکات.» (١٩٨٣، ل. ٩٣)

ژنانی نووسەر جگە لە ڕەتکردنەوەیان لەلایەن نووسەر و ڕەخنەگرانی پیاوەوە، ڕەنگە خۆشیان لە ڕێگەی کەمکردنەوەی بەهای ستاتیکای بەرهەمەکانیان و پشتگوێخستنیان، بەشدارییان لە سڕینەوەی خۆیان لە مێژووی ئەدەبیدا کردبێت. لە ساڵی ٢٠٢٠ کلیمەنس سکالبێرت یوجەل و یاسر عەلی و من لەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ ژنانی نووسەردا کردمان بۆمان دەرکەوت زۆربەیان خۆیان لە دەرکەوتن دەدزنەوە و تەنانەت تەرجیحیان ئەوەیە کتێبەکانیان بە «دیاری» ببەخشن نەک بیفرۆشن. وەرنەگرتنی پارەی کتێبەکان و نەبوونی متمانە بەخۆبوون، بووەتە هۆی کەم نرخاندنی ئاستی داهێنانی ژنان و لە ئەنجامدا بووەتە هۆی ئەوەی بڵاوکراوەکانی ژنان هەمان گرنگیان پێنەدرێ کە بە بڵاوکراوەکانی نووسەرانی پیاو دەدرێ. ژنان بەگشتی کەمتر باسی کارو بەرهەم و خزمەتەکانی خۆیان دەکەن. شنەید مەککوول (Sinéad McCoole) مێژوونووس و لێکۆڵەری ئیرلەندی کە چەندین بەرهەمی لە سەر ژنان لە مێژووی ئێرلەندا نووسیوە و هەوڵی داوە خەباتی ژنانی شۆڕشگێڕی ئێرلەندا تۆماربکات باس لەوەدەکات کە نۆرمە جێندەرییەکان هۆکاربوون لەوەی ژنان باسی دەوری خۆیان لە خەباتی ڕزگاری نەکەن و ئەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی پەراوێزخستنیان لە مێژووی شۆڕشی ئێرلەندا (٢٠٠٣)

سەبارەت بە نووسینی ژنان لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سەروتاری ڕۆژنامەی ژیان لە ٨ی شوباتی ١٩٢٦دا جێگەی سەرنجە: «بێینە جەمال و کەمال ئەو ئێلاهەی جەمالانە کە لە ژێر قەید و بەندی جێنسی خەشندا فورسەتێکیان دەست کەوتووە و تا مریشکە ڕەشەیان خوێندووە بەو نەختە خوێندەوارییەوە بوونە ئاتەش پارەی شیعرو ئەدەب؛ هەندێ شیعری ژنان هەیە کەس ناتوانێ ئینکاری بکا کە لە شیعری پیاوان باڵاترە. بەڵام ڕوویان نەهاتووە تا ئێستا بیانخەنە مەیدانەوە.»

بێگومـان شـەرمکردن لـە هاتنـە نـاو مەیدانـی ئەدەبـی بـۆ ژن ڕەگ و ڕیشـەیەکی قووڵـی لـە بارودۆخـی کۆمەڵایەتـی دا هەیـە و بەرەنگاربوونـەوەی زۆر قـورسترە لـە قەدەغـە فەرمییـەکان.

ئـەم هۆکارانـەی لەسـەرەوە باسـم کـرد هـۆکارە سـەرەکییەکانی پەراوێزخسـتنی ژنـان لـە مێـژووی هـزر و هونـەری کوردیـن، بـەڵام هەمـوو هـۆکارەکان نیـن. دەبێـت لێـرە ئاماژەش بـەوە بـدەم کـە لەسـەدەی بیستەمدا پرسـی ڕزگاری ژن و پێگەیاندنیـان لـە کۆمەڵگـە یەکێـک لـە پرسـە گرنگـەکان بـوو کـە نووسـەران و ڕۆشـنبیرانی کـورد لەسـەریان نووسـی و هەوڵیـان بـۆ دا. هاندانـی ژنـان بـۆ خوێنـدن بـۆ نموونـە گرێـدراوی پرسـی نەتەوەسازی بـوو و زۆربـەی شـاعیران لـە سـەریان نووسـیوە. لـە چالاکتریـن شـاعیران دەتوانیـن ئاماژە بـە شـێخ نـووری شـێخ سـاڵح، پیرەمێـرد، فایـەق بێکـەس، و هێمـن موکریانـی بدەیـن کـە شـیعرەکانیان ئیلهامبەخشـی خەباتـی ژنـان بـوون.

بـە تێگەیـشتن لـە میکانیزمەکانـی سـڕینەوە کـە ژنانـی نووسـەری کـورد ڕووبەڕووی بوونەتـەوە، ئێسـتا پرسـیار ئەوەیـە کـە چـۆن تەحـەدای ئـەم پشـتگوێ خسـتنە بکرێـت و لـە کوێـدا بگەڕێـن بـۆ ئاشـکراکردنی دەنگـی ژنانـی کـورد. ئـەم پرسـانە لـە بەشـی خـوارەوەدا بـاس دەکـەم کـە لەسـەر بنەمـای کاری مەیدانـی و لێکۆڵینـەوە ئەرشـیفییەکانم دامـەزراوە.

**دۆزینەوەی دەنگی ژنانی کورد**

**٣.١. ئەرشیفەکان**

لـە کاتێکـدا بەشـێکی بەرچـاو لـە دەسـتنووس و بەڵگەنامـە کوردییـەکان وون بوونـە یـان فەوتـاون، بـەڵام بەشـێکی بەرچـاوی هێشـتا مـاون. ئەمـە ئـەو ڕاسـتییە کـە مـاوەی چەنـد سـاڵی کارکردنـم لـە سـەر ئەرشـیفی کـوردی بـۆم ئاشـکرابووە. لـە مـاوەی دوو دەیـەی ڕابـردوودا دەسـتپێشـخەری گرنـگ بـۆ دۆزینـەوە و کۆکردنـەوە و پاراسـتنی دەسـتنووس و تۆمـارە کوردییـەکان دەسـتی پێکـردوە. لـە غیابـی ئەرشـیفێکی نەتەوەیـی کوردیـدا، ئـەم دەسـتپێشـخەرییانە کۆمەڵێکـی زۆر ئەرشـیفیان کۆکردۆتـەوە، بـە پلـەی یەکـەم لـە باشـوور بـەڵام هەوڵـی زۆر گرنگیـش دراوە لـە بەشـەکانی کـەی کوردسـتان و هەروەهـا لـە دیاسـپۆرا. ئـەم ئارشـیفانە زۆربەیـان دەسـتپێشـخەریی شەخسـین و لـە سـەر هەوڵـی شەخسـی دامـەزراون

بـاس کردنـی ئەرشـیفەکانی کوردسـتان خـۆی بابەتـی وتارێکـی دوورودرێـژە و لێـرەدا ناگونجێـت بـەڵام دەکـرێ ئامـاژە بـە دەزگا سـەرەکییەکان لـە باشـوور بدەیـن لەوانـە بنکـەی ژیـن بـۆ بەڵگەنامـە و لێکۆڵینـەوە، ئێنیسـتیتووتی کەلەپـووری کـورد، و مۆزەخانـەی نیشـتمانی ئەمنـە سـوورەکە. هەروەهـا ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە ئەرشـیفی تایبەتـی و شەخسـی لـە کوردسـتاندا هـەن. ئـەوە جگـە لـە دەسـتنووسـە کوردییـەکان لـە کتێبخانەکانـی ئێـران، عێـراق، تورکیـا، شانشـینی یەکگرتـوو بریتانیـا، ئەڵمانیـا، ڕووسـیا و چەندیـن وڵاتـی دیکەیـە. تەنانـەت هەنـدێ لێکۆڵینـەوە سـنووردار لەسـەر ئـەم ئەرشـیفانە بوونـە هـۆی ئاشـکراکردنی دەنگـە ونبـووەکان، لەنێویانـدا دەنگـی ژنـان. لەڕاسـتیدا کاملتریـن دیوانـی مەسـتورەی ئەردەلان (٢٠١١)، وەک لـە سـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا، لەسـەر بنەمـای دۆزینـەوەی دەسـتنووسـێک لـە کتێبخانەیەکـی بەرلیـن بـوو. بـە دڵنیاییـەوە ئەگـەری زۆرە لێکۆڵینـەوەی زیاتـر لەسـەر ئـەو ئەرشـیفانە ببنـە هـۆی دۆزینـەوەی دەنگـی زیاتـری ژنانـی کـورد

قەرەداغـی لـە چاپـی دیوانـی مەسـتوورە (٢٠١١) ئاماژەی بـەوە کـردووە کـە دەسـتنووسـەکە سـێ سەدوبیسـت وسـێ لاپـەڕە بـووە. شـیعری فارسـی شـاعیرانی کـورد و فارسـی، سـەدونەوەدودوو لاپـەڕەی دەسـتنووسـەکە پێکدەهێنێـت، لـە پاشـاندا شـیعری مەولـەوی و مەسـتوورە هاتـووە. قەرەداخـی ئـەو بەشـەی دەسـتنووسـەکەی چاپکـردەوە کـە شـیعرە کوردییەکانـی مەسـتوورەی تێدایـە. ئـەوەی لـەو بەشـە سـەرنجی ڕاکێشـام شـیعرێکی شـاعیرێکە بـە نـاوی سـوڵتان خانـم. شـیعرەکە لاواندنەوەیەکـە بـۆ خوسروخـان، هاوسـەری مەسـتوورە و والـی ئـەردەڵان و شـاعیرەکەش بـە نازنـاوی (عیـزەت) کۆتایـی بـە لاواندنەوەکـە هێنـاوە. هەروەهـا دیوانـی مەسـتوورە لاوانەوەیـەک بـۆ سـوڵتان خانـم لەخۆدەگرێـت بـەم عینوانـە: (کـەلام مەسـتورە در فـوت مەرحـوم سـوڵتان خانـم) (٢٠١١، ل. ٦٥-٧٤). لـە پشـکنینی ئـەو دوو شـیعرەدا ئـەوەم بـۆ ڕوون بـوو کـە سـوڵتان خانـم خوشـکی خوسرەو خانـی ئـەردەڵان و دوشـی مەسـتوورە بـووە. تاکـە سـەرچاوەیەکی تـر کـە باسـی شـاعیرێک دەکات بـە نـاوی سـوڵتان خانـم، سـدیق بۆرەکەیـی (١٩٩١)ە، کـە پێـی وایـە لـە سـاڵانی ١٧٨٩ تـا ١٨٤٠ ژیـاوە، بـەڵام زانیـاری زیاتـر لەسـەر ئـەو ژنـە شـاعیرە و چۆنیەتـی گەیـشتن بـەو بەروارانـە ناخاتـەڕوو. ئێمـە دەزانیـن کـە مەسـتوورە لـە سـاڵی ١٨٤٨ کۆچـی دوایـی کـردووە و بـەو پێیـەی کـە لاوانەوەکـەی بـۆ سـوڵتان خانـم نووسـیوە، ئەگـەری ئـەوە هەیـە ئـەو سـوڵتان خانمـەی کـە بۆرەکەیـی باسـی دەکات، هەمـان ئـەو سـوڵتان خانیمـە بێـت کـە لـە دەسـتنووسـی بەرلینـدا نـاو و شـیعرێکی هاتـووە. هەرچەنـدە هێشـتا شـیعری زیاتـری سـوڵتان خانمـان نەدۆزیوەتـەوە، بـەڵام ئاسـتی ئەدەبـی ئـەو تاکـە شـیعرە شـایەدی ئـەوە دەدات کـە شـاعیرێکی لێهاتـوو بـووە و گریمانـەی ئـەوەش هەیـە شـیعری دیکـەی نووسـیبێت و وون بووبێـت و ڕەنگـە لـە ئاینـدە بدۆزرێنـەوە

نموونەیەکی دیکەی سەرنجڕاکێش بڵاوبوونەوەی دیوانی جیهان ئارا خانم (١٨٥٩-١٩١١)ە لە ساڵی ٢٠١٩ کە یەکێک بووە لەو سێ شاعیرەی مارف خەزنەدار لە مێژووی ئەدەبییەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، هەروەها لە سەرچاوە ئەدەبییەکاندا بە شیعری لاوانەوە و خۆشەویستیی ناسراوە. بەڵام شیعرەکانی پەرش و بڵاو بوون و تا ساڵی ٢٠١٩ بە شێوەی کتێب چاپ نەکرابوون (جیهان ئارا پاوەیی، ٢٠١٩). بەگەڕان لە ناو دەستنووس و ئەرشیفە گشتی و تایبەتییەکاندا ئەگەری زۆرە دەنگی زیاتری ژنان بدۆزرێتەوە. لە لێکۆڵینەوە لە ئەرشیفەکاندا، ڕێبازێکی هەمەلایەنە و فرەزمان بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی تۆمارە کوردییەکان زۆر گرنگە

**٢.٣. ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان**

لە کاتێکدا کە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی باش لە سەر گۆڤار و ڕۆژنامە یەکەمەکانی کرمانجی (Tejel, ٢٠١٤; Ekici, ٢٠٢١) کراوە، ڕۆژنامەو و گۆڤارە یەکەمەکانی سۆرانی تا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێ خراون و لێکۆڵینەوەی کەمیان لەسەر کراوە. ئەم بڵاوکراوە دەورەییانە فەزایێکی باشیان بۆ نووسەر و شاعیرانی تازەپێگەیشتوو ڕەخساند تا بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە. دەرفەت و ئیمکانیاتی چاپ لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم زۆر کەم بوو بۆیە ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەورێکی باشیان بوو لە پێگەیاندنی شاعیران و نووسەران و ڕەخنەگران. هەروەها ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەک (ژیان) (١٩٢٦-١٩٣٨) و گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩) دەورێکی بەرچاویان لە پەرەپێدانی ژانرە ئەدەبییە کوردییەکاندا بووە. بەدواداچوون بۆ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە دەورەیی کوردییانەی کە لە سەدەی بیستەمدا دەرچوون، بەشداریی ژنی کوردمان لە ئەدەبدا بۆ ئاشکرا دەکات، بەڵام ئەم نووسینانە بە گشتی پشتگوێ خراون و یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە زۆرجار ژنان بە ناوی خۆیان نەیاننووسیوە و ناوی خوازراویان بەکارهێناوە وەک (کچە کورد) یان (دایکێکی کورد). ناسنامەی شاعیرێک کە لە ژێر ناوی (کچە کورد) لە گەلاوێژ شیعری بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی ٢٠١٨ لە لایەن نووسەر و ڕەخنەگری کورد عەبدوڵڵا زنگەنەوە ئاشکرا کرا کاتێک گۆڤاری گەلاوێژ لە لایەن بنکەی ژین ئامادە دەکرا بۆ دووبارە بڵاوکردنەوەی. زنگەنە ناسنامەی نووسەرەکەی دەستنیشان کرد کە زەینەب خان مەلا ڕەئوف خادم سوجادە (١٩٠٠-١٩٦٣) خوشکی گەورەی دڵدار (یونس ڕەئوف) (١٩١٨-١٩٤٨)، شاعیری شۆڕشگێڕی کوردە.

بەکارهێنانی ناوی خوازراو بەهۆی هۆکاری سیاسی یان کۆمەڵایەتی دیاردەیەکە لە ئەدەبیاتی جیهاندا دەبینرێت. لە ئەدەبی ئینگلیزی نموونەی زۆرە و یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین نموونەکان جێین ئاستێنە (Jane Austen)، ڕۆماننووسی بەناوبانگ کە ڕۆمانەکانی بەشێکن لە پرۆگرامی خوێندنی ئەدەبیاتی ئینگلیزی، بەڵام ئەم نووسەرە هەتا لە ژیاندا مابوو ناوی ڕاستەقینەی ئاشکرانەبوو و یەکەم ڕۆمانی بە ناو "لە لایەن خاتوونێکەوە" (By a Lady) بڵاوکردەوە (Johnson and Tuite, ٢٠٢٠).

بە درێژایی چەندین ساڵی ڕابردوودا بنکەی ژین لە سلێمانی ئەرشیفێکی گەورەی ڕۆژنامە و گۆڤارە سەرەتاییەکانی کۆکردۆتەوە و پارێزگاریی لێکردوون. لە غیابی نوسخەی دیجیتاڵی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە، لێکۆڵینەوە لێیان کارێکی سەخت و دژوارە، بەڵام وەک سەرچاوەیەکی زۆر دەوڵەمەند دەمێننەوە بۆ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی نوێ بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی و ڕێکاری ئاشکراکردنی دەنگی ژنانی کورد

**٣.٣. کتێب و چامەنییەکانی کوردی**

دەستڕاگەیشتن بە کتێبە کوردییەکان، تەنانەت ئەوانەی کە تازە چاپکراون، زۆرجار ئاسان نییە. سیاسەت یەکێکە لە هۆکارەکانە، بەڵام ژمارەی کەمی چاپەمەنی و نەبوونی سیستەمێکی بەهێزی پەخشی کتێبە هۆکارەکانی دیکەن. ناوەندە ئەرشیفییەکانی وەک بنکەی ژین بڵاوکراوە کوردییەکانیان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە و بە هەموو شێوەزارە کوردییەکانەوە کۆکردۆتەوە و پاراستوویانە. بەدواداچوون بۆ ئەرشیفی بڵاوکراوە کوردییەکان دەتوانێ نووسینی لەبیرکراوی ژنان ئاشکرا بکات و لێرەدا نموونەیەکتان بۆ دەخەمەڕوو

ساڵی ٢٠٢٠ لە بنکەی ژین کۆمەڵە شیعرێک کەوتە بەرچاوم بە ناوی (بیری چەسپاو،١٩٧٣) لە نووسینی سامیە شاکر. ناوی سامیە شاکرم لە کتێبی (هۆنراوی ئافرەتی کورد)ی کوردستان موکریانیدا دیبوو کە وەک شاعیر و مامۆستا و ئەندامی ئەنجومەنی تەشریعی باسی لێوە کراوە (١٩٨٣، ل.٩٢-٩٩). شیعرەکانی لە یەکەم دیوانیدا لە ڕووی بابەتەوە جۆراوجۆرن، بەڵام ئایدیۆلۆژیای چەپگەرایی شاعیر بەڕوونی دیارە. من کونجکاو بووم زیاتر دەربارەی سامیە شاکر بزانم، بەڵام زانیاری لەسەری یەکجار کەم بوو. دوای گەڕان بابەتێکی ڕۆژنامەوانیم بەناونیشانی "دکتۆر سامیە شاکر سدیق گەنجینەیەک لە هەڵوێست و زانست" لە نووسینی شەماڵ عادل سەلیم بەرچاوکەوت و پەیوەندیم بەو نووسەرەوە کرد و ئەو لە بڵاوکراوەکانی دیکەی شاکر ئاگاداری کردمەوە و هاوکاری کردم پەیوەندی بە سامیەوە بکەم. ساڵی ٢٠٢١ پەیوەندیم بە سامییەوە کرد و وردە وردە هاوڕێیەتیی لە نێوانماندا گەشەی کرد. لە مانگی ئایاری ٢٠٢٣ لە هەولێر بە شێوەی ڕووبەڕوو یەکترمان بینی. شاکر کە لە ١٩٤١ لە دایک بووە دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان

بـووە لـە بەغـدا و لـە سـاڵانی شەسـت و حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا وەک مامۆسـتا لـە شـاری هەولێـر کاری کـردووە. هەروەهـا ئـە ندامێکـی کارای حزبـی شـیوعی عێـراق بـوو و لـە سـاڵی ١٩٧٤ تـا ١٩٧٩ ئەندامـی ئەنجومەنـی تەشریعـی بـوو لـە کوردسـتان. دوای تێکچوونـی نێوانـی حزبـی شـیوعی و حیزبـی بەعـس بـۆ ئـەوەی دەسـتگیر نەکـرێ ناچـار بـووە عێـراق بەجێبهێڵێـت. ڕووی لـە ئەڵمانیـا کـردووە و دوای سـاڵێک خوێندنـی لـە زانکـۆی لایپزیـگ دەسـتپێکرد و لـەوێ کۆمەڵناسـی خوێنـد و بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس و ماسـتەر و دکتـۆرای تـەواو کـرد. هەرلـە زانکـۆی لایپزیـگ وەک مامۆسـتا وەرگیـرا و بـۆ مـاوەی حەڤـدە سـاڵ لـە زانکـۆ وانەبێـژ بـووە. سـامیە شـاکر دووەم کۆمەڵـە شـیعری خـۆی بـە نـاوی (بەهـەرەی دوور) لـە سـاڵی ١٩٨٣دا بڵاوکـردەوە. هەروەهـا چەندیـن وتـار و کتێبـی بـە ئاڵمانـی نووسـیوە وەکـوو

(Die Gesellschaftliche Stellung der Kurdischen Frau in der Republik Irak in den ٦٠er und ٧٠er Jahren) (Al-Tschauschli ١٩٨٦) و (Heuler: Einführung ins Kurdische Alphabet für Studenten und Studennen Universitat Leipzig (Al-Tschauschli ١٩٩١)

لـە بڵاوکراوە ئەڵمانییەکانیـدا پاشـناوی الچاوشلی بەکارهێنـاوە و لـە بڵاوکراوە کوردییەکانیـدا شـاکر سـدیق و هەندێکجاریـش (مەشـخەڵ)ی بەکارهێنـاوە. بیرەوەرییەکانـی بـە نـاوی (سـێ بـڕ: بەسـتە پیـازە، بەغـدا، بەرلیـن) لـە سـاڵی ٢٠١٩دا بڵاوکردەوە. بیرەوەرییەکانـی دەسـت نەدەکـەوت و مـن کاتێـک ڕاسـتەوخۆ یەکترمـان بینـی کۆپییەکـم دەسـتکەوت. شـاکر سـەرەڕای بەرهەمـە بەرچاوەکانـی و بەشـدارییەکانی لـە ئەدەبیـات و سیاسـەت و کۆمەڵـگای کوردیـدا، تاڕادەیـەک بـە نادیـاری ماوەتـەوە کـە جێگـەی تێڕامانـە

### ٤.٣. مێژووی زارەکی

سـەرچاوەیەکی دیکـەی گرنگـی ئاشـکراکردنی بەشـداری ژنـان لـە مێـژووی فیکـری کـورددا، مێـژووی زارەکییـە. کتێبـی ڕوخـۆش عەلـی بـە ناونیشـانی (خەباتـی مێژوویـی مێینـەی کـورد لـە مەلەکییەتـەوە تـا دواوی ڕاپەڕیـن: بەشـک لـە مێـژووی فەرامۆشـکراو، ٢٠١٥) و چاوپێکەوتنەکانـی نەرمیـن عـوسمان کـە لـە دوو بەرگـدا بـە نـاوی گوڵدانـی ژن (٢٠٢٠، ٢٠٢٣) چـاپ بوونە دەستپێشـخەرییەکی ڕچەشـکێنن کـە ڕۆشـناییان خسـتۆتە سـەر بەشـدارییەکانی ژنـان لـە گۆڕەپانـی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و ئەدەبیـدا و بەڵگاندنـی دەنگـی ژنـان لـە ڕێگـەی چاوپێکەوتنـەوە. زۆربـەی ئـەو ژنانـەی لـەم بەرگانـەدا هاتـووە بـۆ یەکەمجـار چاوپێکەوتنیـان لەگەڵـدا کـراوە. لـە چاوپێکەوتنێکـم لـە گـەڵ نەرمیـن عـوسمان لـە حوزەیرانـی ٢٠٢٣ ئامـاژەی بـەوەدا کـە کات و ماندووبوونـی ویسـت قەناعـەت بـکا بـە زۆربـەی ئـەو ژنانـەی چاوپێکەوتنـی لەگەڵـدا کـردووە بـۆ ئـەوەی چیرۆکەکانیـان بـاس بکـەن لەبـەر ئـەوەی بـۆ ماوەیەکـی زۆر پشـتگوێ خرابـوون و پێیـان وا نەبـووە هیـچ شـتێکی سەرنجڕاکێشـیان هەبێـت بـۆ ئـەوەی هاوبەشـی بکـەن. بـەم پێیـە، دروسـتکردنی متمانـە زۆر گرنـگ بـوو (چاوپێکەوتـن لەگـەڵ نەرمیـن عـوسمان، حوزەیرانـی ٢٠٢٣)

### ئەنجام

پشـتگوێخستن و دوورخسـتنەوەی نووسـینی داهێنەرانـەی ژنـان لـە ئەدەبیاتـی کوردیـدا بـە هیـچ شـێوەیەک کارێکـی ئاوارتـە (اسـتثناء) نییـە. بـۆ نموونـە پشـتگوێخستن و پەراوێزخسـتنی ژنـان لـە ئەدەبیاتـی ئینگلیزیـدا بـە باشـی لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کـراوە و دیکۆمێنـت کـراوە و ئیلهامبەخـش بـووە بـۆ هەڵسـەنگاندنەوەی مێـژووی ئەدەبیاتـی ئینگلیـزی (Lauter, ١٩٨٣, p. ١٩٩١) بـەڵام بـۆ ژنانـی کـورد، جگـە لـە پیاوسالاری کـە دیاردەیەکـی جیهانییـە، تۆڕێکـی ئاڵـۆزی پەراوێزخسـتن کـە بریتییـە لـە بێدەوڵەتـی، سـەرکوتکردنی کولتـووری و زمانەوانـی، هەژموونـی زمانەکانـی دەسـەڵاتی دەوڵەتانی ناوچـە (فارسـی، عەرەبـی و تورکـی)، پارچەپارچەبوونـی جوگرافـی و سیاسـی و زمانـی کـوردی، پەیوەندیـی دەسـەڵاتی نێـوان زاراوە کوردییـەکان و پەراوێزخسـتنی زاراوە بچووکـەکان، تەجروبـەی پەراوێـز خسـتنی ژنانـی کوردیـی ئاڵـۆزتـر کـردووە.

کـورد وەک نەتەوەیەکـی بێدەوڵـەت و کەمینـە، ئینـکاری ناسنامەی کـراوە و زمانەکـەی قەدەغەکـراوە و جۆرها سیاسـەتی ئاسیمیلاسـیۆنیزمی بەسـەردا جێبەجێکـراوە کـە زمـان و میراتـی کولتوورییەکـەی خسـتووەتە مەترسییەوە. لـەو هەلومەرجـە ستەمکارانەیەدا بەشـێکی بەرچاو لـە میراتـی ئەدەبـی کـوردی بـە نووسـینەکانی ژنانـی کوردیشـەوە فەوتـاوون. هەروەهـا بـە هـۆکاری سیاسـی و ئابووریشـەوە بەشـێکی بەرچـاوی دەسـتنووس و ئەرشـیفی گشـتی و تایبەتیـەکان بڵاونەکراونەتـەوە و پـەرش و بڵاو ماونەتـەوە. جگـە لـەوەش، لـە ئەنجامـی دینامیزمـی دەسـەڵات لـە نێـوان جۆرەکانـی زمانـی کـوردی، ئـەو ژنانـەی بـە شـێوەزارە پەراوێزخراوەکانـی وەک بادینانـی، هەورامـی/ گۆرانـی، و زازاکـی دەنووسـن، ڕووبـەڕووی دوو جـار پەراوێزخسـتن و دوورخسـتنەوە بوونەتـەوە. هەروەهـا پیاوسالاری لـە فۆرمەکانـی بێهیواکـردن و بچووککردنـەوەی بەرهەمەکانـی ژنـان و گومانکـردن لـە تایبەتمەندییـە ئەدەبییـەکان و سـزای کۆمەڵایەتـی و چەندانـی دیکـەدا هۆکاربـووە لـە پەراوێزخسـتنی بەرهەمـی ژنـان. وەسـفکردنی بەرهەمـی ژنـان وەک "لاواز" و "تەقلیدکردنێـک نووسـینی پیـاوان" لەلایـەن

ڕەخنەگرانەوە بۆ دابەزاندنی ئاستی بەرهەمەکانی ژنان بەکارهێنراون

دەستنیشانکردنی جۆرەکانی پەراوێزخستنی دەنگی ژنانی کورد و میکانیزمەکانی ئەم پەراوێزخستنانە کارێکی زۆر گرنگە بۆ ئاڵنگاری و ڕووبەڕووبونەوەی ئەو پەراوێزخستنە مێژووییە، بەڵام تا ئەو کاتەی بەرهەمی ژنان بە شاراوەیی بمێننەوە، بێ ئەنجام دەبێت. بۆ ئاشکراکردنی دەنگی ونبووی ژنان، لێکۆڵینەوە لە ئەرشیفی کوردی و لێکۆڵینەوە لە دەستنووس و بەڵگەنامەکان زۆر گرنگە. هەروەها گۆڤار و ڕۆژنامە دەورەییە کوردییەکان سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ گەڕان و دۆزینەوەی بەشداریی لەبیرکراوی ژنان لە ئەدەبیاتی کوردیدا. بڵاوکراوە سەرەتاییەکانی کوردی و مێژووی زارەکی سەرچاوەیەکانی دیکەی جێی سەرنجن بۆ لێکۆڵینەوە

**سەرچاوەکان**


ئامێدی، س. ب. (١٩٨٠). هۆزانڤانت کورد. بەغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

ئەردلان، م. (١٩٢٦). دیوان مستوره. تدوین: حاجی شیخ یحیی معرفت. تهران: مطبعه شوروی.

______. ١٩٤٦. تاریخ اردلان. تدوین: ناصر ازادپور. سنندج: چاپخانه بهرامی.

______. ١٩٩٨. دیوان مستوره. تدوین: صدیق صفی زاده. تهران: انتشارات امیربهادر.

______. ٢٠٠٥. دیوانی مەستوورە. ماجد مەردووخ روحانی. هەولێر: ئاراس.

______. ٢٠٠٨. دیوانی مەستوورە: ماهشرف خانم خەنسای کورد. موحەممەد عەلی قەرەداغی. هەولێر: ئاراس.

بۆرکەیی، س. س. (١٩٩١). مێژووی وێژەی کوردی. بانە: ناجی.

عەبدوڵا، ع. س. (٢٠٠٩). فێمێنیزم لە شیعری کوردیدا: کرمانجی خوارو. سلێمانی: بینایی.

عەلی، ر. (٢٠١٥). مێژووی تێکۆشانی مێینەی کورد لە مەلەکیەتەوە تا دوای راپەڕین: بەشێک لە مێژوویەکی فەرامۆشکراو. سلێمانی: ؟

فەیزی، ئ. (١٩٢٠). ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد. ئێستانبول: ترجمان حقیقت.

حەسەنپوور، ئ. (٢٠١٤). دەنگ و ڕەنگی ژنان لە هونەری زارەکیدا. ئەدەبیاتی زارەکی موکریان، بەشی ژنان. کۆکردن و ئامادەکردن سەلاح پایانیانی. تاران. ل. ٧-٥١.

حیلمی، ر. (١٩٨٨). شیعر و ئەدەبیاتی کوردی. هەولێر: چاپخانەی تەعلیم و تەعالی.

ژیان. (١٩٢٦). بڕەوی جینسی لەتیف. ژمارەی ٤٦٧.

کاکەی فەلاح. (١٩٧٨). کاروانی شیعری نوێی کوردی. بەرگی یەک. بەغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، حکومەتی هەرێمی کوردستان. (٢٠١٩). ژن ژیان دەنووسێتەوە: هەڵبژاردەیەک لە شیعری ژنانی کوردستان. هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان وماڵی کتێب.

محەمەدپوور، ع. (٢٠٠٦). مەستوورە و بادانەوە بۆ لیریکای ئەریستۆکراتییانەی فارسی. لە بیرئانینی مەستوورەی ئەردەڵان. ١٥٩-١٧٦. هەولێر: ئاراس.

موحەممەدی، س. (٢٠٠٦). هەسارەی گەشی شیعر و ئەدەبی کوردەواری. لە بیرئانینی مەستوورەی ئەردەڵان. ١٠٧-١١٣. هەولێر: ئاراس.

موکریانی، کوردستان. (١٩٨٣). هۆنراوەی ئافرەتی کورد. هەولێر: چاپخانەی کوردستان.

عوسمان، ن. (٢٠٢٠). گوڵدانی ژن. بەرگی یەک. سێمانی: ئینستتیوتی نارین.

______. ٢٠٢٣. گوڵدانی ژن. بەرگی یەک. سێمانی: ئینستتیوتی نارین.

پاوەیی، ج. (٢٠١٩). دیوانی جیهان ئارا خاتوونی پاوەیی. ئامادەکردنی عادل مۆرادی. پاوە: نەشر ئارۆ.

پایانیانی، س. (٢٠١٤). ئەدەبیاتی زارەکی موکریان، بەشی ژنان. تاران.

روحانی، ب. م. (١٩٨٥). تاریخ مشاهیر کرد. دو جلد. تهران: سروش.

سەجادی، ع. (٢٠١٢). مێژووی ئەدەبی کوردی. سنە: ئینتشاراتی کوردستان.

سجادی، ب. (٢٠٠٦). کلیات تاریخ شعر کردی. سنندج: انتشارات دانشگاه کردستان.

سەلیم، ش. ع. (٢٠١٩). دوکتۆرە سامیە شاکر سادق گەنجینەیەک لە هەڵوێست و زانست. ئاوێنە. ٩ ئاگۆست.

شاکر، س. (١٩٧٣). بیری چەسپاو. هەولێر: چاپخانەی کوردستان.

_______. (٢٠١٩). سێ بێ: بەستەپیازە، بەغدا، بەرلین. هەولێر: ن.پ.

شێخموس، ع. (٢٠٢٠). پێشەکی و دەروازە. گوڵدانی ژن. بەرگی یەک. نەرمین عوسمان. سلێمانی: ئینستیتوتی نارین.

خادم سوجادە، ز. (٢٠١٨). دیوانی زەینەب خان، کچە کورد. عەبدوڵا زەنگەنە. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات.

خەزنەدار، م. (٢٠٠١). مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی یەک. هەولێر: ئاراس.

_______. (٢٠٠٢). مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی دوو. هەولێر: ئاراس.

_______. (٢٠٠٣). مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی سێ. هەولێر: ئاراس.

## References/Serçavekan

Alhamid, L. (2017). “You Can’t Burty Them All:” The Presentation of Women in the Contemporary Iraqi Kurdish Novel in Bahdinan.” PhD Dissertation. University of Kent.

Al-Tschauschli, S. Sh. S. (1986). *Die gesellschaftliche Stellung der kurdischen Frau in der Republik Irak in den 60er und 70er Jahren.* Dissertation. Leipzig Universität, Fakultät für Philosophie u Geschichtswiss.

———. (1991). *Heuler: Einführung ins Kurdische Alphabet für Studenten und Studeninnen Universitat Leipzig*. Leipzig: Leipziger Universität Verl.

———. (1994). Frauen in Kurdistan—Kurdinnen im europaischen Exil. In Huber, S. (Ed.) *Frauen auf der Flucht* (pp. 30–34). N.p.: Terre des Femmes.

———. (1995). Kurdistan und die Lage der Kurdinnen. In *Frauenforscherinnen stellen sich vor: Ringvorlesung* (pp. 197–206). Leipzig: Leipziger Universität Verl.

Balî, A. (1992). *Antolojîya Helbestvanên Kurd*. İstanbul: Pelê Sor.

Celîl, C. (2004). *Keşkûla Kurmancî*. Wîen: Verein zur Erforschung und Förderung der Kurdischen Sprache, Kultur und Geschichte.

Dehqan, M. (2019). Some Gūrānī Gleanings from Persian Codices. *Journal of Mesopotamian Studies* 4(1), 91–104.

De Fouchécour, Ch. (2006). “Iran viii. Persian Literature (2) Classical.” *Encyclopædia Iranica,* 13(4), 414–32. www.iranicaonline.org/articles/iran-viii2-classical-persian-literature.

Diyarbekirli, S. (2005). *Diyarbekirli Şair Sırrı Hanım’ın Divanı*. Edited by Sefik Korkusuz. İstanbul: Kent yayinlari.

Ekici, D. (2021). *Kurdish Identity, Islamism, and Ottomanism: The Making of a Nation in Kurdish Journalistic Discourse (1898–1914)*. Lanham, MA: Lexington.

Ghaderi, F. (2015). The Challenges of Writing Kurdish Literary History: Representation, Classification, and Periodisation. *Kurdish Studies Journal,* 3(1), 101–120.

———. (2017). The Literary Legacy of the Ardalans. *Kurdish Studies Journal*, 5(1), 32–55.

Ghaderi, F, and Scalbert-Yücel, C. (2021). An Etat Présent of the Kurdish Literature in English Translation. *The Translator,* 27(2), 150–66.

Hamelink, W. (2016). *The Sung Home: Narrative, Morality, and the Kurdish Nation*. Leiden: Brill.

Hassan, S. S. (2013). *Women and Literature: A Feminist Reading of Kurdish Women's Poetry*. PhD Dissertation. University of Exeter.

Hassanpour, A. (1992). *Nationalism and Language in Kurdistan, 1918–1985*. San Francisco, CA: Mellen Research University Press.

Kreyenbroek, P. (2010). Orality and Religion in Kurdistan: The Yezidi and Ahl-e Haqq. In Yarshater (Ed.), *A History of Persian Literature*, vol. 18, (pp. 70–89). New York: I.B. Tauris.

Kurdo, Q. (1992). *Tarixa Edebyeta Kurdi* (The history of Kurdish literature). Ankara: Özge.

Johnson, C. L. and Tuite, C. (2020). *30 Great Myths About Jane Austen*. John Wiley&Sons, Inc.

Lauter, P. (1983). Race and Gender in Shaping of the American Literary Canon: A Case Study from the Twenties. *Feminist Studies,* 9(3), 435–63.

———. (1991). Caste, Class, and Canon. In Warhol, R. R. & Herndl, D. P. (Eds.) *Feminism: An Anthology of Literary Theory and Criticism* (pp. 227–48). New Brunswick, NJ: Rutgers University Press.

McCoole, S. (2015). *No Ordinary Women: Irish Female Activists in the Revolutionary Years*. Dublin: The O'Brien Press.

Mojab, Sh. (1997). Crossing Boundaries of Nationalism, Patriarchy, and Eurocentrism: The Struggle for a Kurdish Women Studies Network. *Canadian Woman Studies,* 17(2), 68–72.

———. (2021). The State of Knowledge About Kurdish Women. In Mojab, Sh, & Hassanpour, A. (Eds.) *Women of Kurdistan: A Historical and Bibliographic Study*, (pp. 17–19). London: Transnational.

Mojab, Sh, and Hassanpour, A. (2021). *Women of Kurdistan: A Historical and Bibliographic Study.* London: Transnational.

Russ, J. (1983). *How to Suppress Women's Writing*. Austin, TX: University of Texas Press.

Schäfers, M. (2018). 'It Used to Be Forbidden:' Kurdish Women and the Limits of Gaining Voice. *Journal of Middle East Women's Studies,* 14(1), 3–24.

———. (2022). *Voices that Matter: Kurdish Women at the Limits of Representation in Contemporary Turkey*. Cambridge: University of Cambridge Press.

Sheyholislami, J. (2015). Language Varieties of the Kurds. In Taucher, W., Vogl, M., & Webinger, P. (Eds.) *The Kurds: History, Religion, Language, Politics*, (pp. 30–51). Vienna: Austrian Federal Ministry of the Interior.

———. (2017). Language Status and Party Politics in Kurdistan–Iraq: The Case of Badini and Hawrami Varieties. In *Zazaki—Yesterday, Today and Tomorrow: Survival and Standardization of a Threatened Language* (pp. 55–76). Graz: Wien Kultur.

Soltani, A. (1998). *Anthology of Gurani Kurdish Poetry*. London: Soane Trust for Kurdistan.

Skutnabb-Kangas, T, and Bucak Sertac. (1994). Killing a Mother Tongue—How the Kurds are Deprived of Linguistic Human Rights. In Skutnabb-Kangas, T & Philipson, R. (Eds), *Linguistic Human Rights: Overcoming Linguistic Discrimination* (pp. 347–70). Berlin: Mouton de Gruyter.

Tejel, J. (2014). The Kurdish Cultural Movement in Mandatory Syria and Lebanon: An Unfinished Project of 'National Renaissance' 1932–46. In Bajalan, D. & Zandi Karimi, S. (Eds.), *Studies in Kurdish History: Empire, Ethnicity and Identity* (pp. 158–174). London: Routledge.

Temo, S. (2007). *Kürt Şiiri Antolojisi*. İstanbul: Weşanên Pirtukxaneya Agora.

Tîroj [Hana Mohamed]. (2002). *Şiyan û Leylan* (Ability and mirage). Dohuk: Dohuk University Press.

———. (2007). *Wakr al-Khawāter* (Nest of thoughts). Dohuk: Çapxana Hawar.

———. (2012). *Perê Spî* (White Paper). Dohuk: Çapxana Hawar.

———. (2020). *Areej al-Banafsaj* (Fragrant violets). Tehran: Tehran Publishing.

———. (2020). *Thawrat al-Matar* (Rain of revolution). Dohuk: Mektebe Gazî.

Uzun, M. (2003). *Antolojiya Edebiyata Kurdî*. İstanbul: Weşanên Aram.

## EXTENDED SUMMARY

Research on Kurdish women and their contributions to Kurdish society, history, and culture has been historically limited because of systematic obstacles that include statelessness, the criminalization of the Kurdish issue, and a lack of funding and institutional support.

Consequently, women have been highly marginalised and to some extent even erased from the Kurdish political, cultural and intellectual history. A glance at Kurdish literary historiography, anthologies, primary sources on Kurdish literature reveals this exclusion. Examining anthologies of classical Kurdish poetry, we find no female voice. Literary ritics have discussed the emergence of women's writings as a late phenomenon and ntociebale only from the last decades of the twentieth century. Indeed, the male-dominated image of Kurdish literature hardly changes until the late 1980s. This omission has been further reinforced by scarcity of academic studies on Kurdish women writing in both Kurdish or non-Kurdish languages. Women are also highly marginalised in translations of Kurdish literature. Nevertheless, over the last decades archival research and discovery of manuscripts has challenged the long-held belief of women's non-existence in the Kurdish literary arena. The most celebrated discovery has been the publication of the Kurdish poems of Mestûre Erdelan (1805-1848), previously known to have only written in Persian. This was following uncovering a manuscript in Berlin Library that included some of her Kurdish poems.

The exclusion of Kurdish women's creative and intellectual writing in history is by no means an exception. For Kurdish women however, as well as patriarchy, a complex web of exclusions including statelessness, political, and linguistic suppression, the hegemony of state languages, Kurdish political, geographical, and linguistic fragmentation, and the power relation between Kurdish dialects and marginalization of smaller dialect groups have compounded their dominated status. The article examines these contributing factors in details. It illustrates that under repressive conditions in Turkey, Syria, and Iran a significant part of Kurdish literary heritage was destroyed, among them Kurdish women's writing. A case in point is Diya Ciwan (1953–2025). Patriarchy has played out in the Kurdish context through stigma and social punishment for daring to writer, publish, and to be in the public eyes.

After detailed discussion on the underlying reasons for the erasure and exclusion of women, the article discusses strategies to uncover women's voices by examining archives, early Kurdish periodicals and publications, manuscripts, and oral history. It notes that while a substantial portion of Kurdish records and documents are lost or destroyed, a significant part has survived. Over the past decades, initiatives have been founded to uncover, collect, and preserve Kurdish records. In the absence of a national Kurdish Archive, these initiatives that are primarily personal and voluntary have amassed dispersed archival repositories. To challenge women's erasure excavating archives is essential and it is vital to adopt a multilingual and comprehensive approach in locating and uncovering Kurdish archives. Also, private and family archives are significant sources that should not be overlooked. Furthermore, since a significant portion of Kurdish written literature has remained as unpublished manuscripts, studying manuscripts is highly likely to lead to uncovering women's writings. This is illustrated by an example from the author's research. Exploring early Kurdish periodicals also reveals the forgotten contribution of Kurdish women to literature. Examining early Kurdish publications is also instrumental. Access to Kurdish books, even recently published ones, is often not easy, due to political constraints, the small print runs of publications and the lack of an effective circulation system. As such, women writings and publication are sometimes rendered invisible to scholars and literary historians. Oral history is also a significant source especially for voices that are not easily traceable in archives. There have been significant intervention on this that are highlighted in the article.

Identifying patterns of suppression of Kurdish women's voices and the mechanisms of their exclusions are crucial for challenging their historical omission, however, the article argues, it is not

enough as long as women's works and contributions remain hidden. As Joana Russ rightly pointed out, "when the memory of one's predecessors is buried, the assumption persists that there were none and each generation of women believes itself to be faced with the burden of doing everything for the first time" (1983, 93). To uncover women's lost voices, it is vital to investigate archives and identify and examine manuscripts, early periodicals and publications, and oral history.